# ڕەخنە چییە؟




## میشێل فۆکو

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

کتێبی ژنەفتن

# ڕەخنە چییە؟

**میشێل فۆکۆ**

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

کتێبی ژنەفتن

# ڕەخنە چییە؟

**میشێل فۆکو**

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشانی کوردی: ڕەخنە چییە؟
میشێل فۆکو
وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد
ناونیشانی ئینگلیزی: What is critique?
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە :
هەولێر، نۆڤەمبەری ٢٠٢٠
٧٠ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

## پێڕست

پێشەکیی وەرگێڕ/ ٧
ڕەخنە چییە؟ / ١٤
گفتوگۆ/ ٥١

## پێشەکیی وەرگێڕ

فۆکو ئەم وتارەی لە ٢٧ی مایسی ١٩٧٨دا پێشکەش بە ئەنجوومەنی فەڕەنسیی فەلسەفە کرد. بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕە لە ئەستۆی هێنری گوهیێ[1] بوو، هێنری مێژوونووسی فەلسەفە و پسپۆڕی فەلسەفەی مالبرانش و برگسۆنە. لە کۆتایی کۆڕەکەدا گفتوگۆیەکی کورت ئەنجام دەدرێت بە ئامادەبوونی بیرمەندگەلێکی وەك نوئێل مۆولو[2] (پسپۆڕی زمانناسی)، ژان-لویس بروش[3] (پسپۆڕی فەلسەفەی کانت)، سیلڤەین زاك[4] (پسپۆڕی فەلسفەی سپینۆزا)، هێنری بیرۆ[5] (پسپۆڕی فەلسەفەی هایدگەر)، و چەند کەسێکی تر.

فۆکو لە کۆتایی تەمەنیدا، دەربارەی نامیلکەی **ڕۆشنگەری چییە؟** ی کانت سێ گوتار دەنووسێت، کە ئەڵبەتە ڕوانگەی پێشووی ئەو وەك ڕەخنەکاری ڕادیکاڵی مۆدێرنێتە، هاوسەنگ دەکاتەوە و دەیگەیێنێتە خاڵی

[1]. Henri Gouhier
[2]. Noel Mouloud
[3]. Jean-Louis Bruch
[4]. Silvain Zac
[5]. Henri Birault

کۆتایی. ئەم سێ گوتارە، بریتین لە: **ڕەخنە چییە؟** (١٩٧٨)، **کانت، ڕۆشنگەری و شۆڕش** (١٩٨٣) و **ڕۆشنگەری چییە؟** (١٩٨٤). فۆکو لە گوتاری **ڕەخنە چییە؟** زیاتر دەپەرژێتە سەر هەڵکۆڵینی «ئیتۆسی ڕەخنەیی» لە مێژوودا. فۆکو هەوڵ دەدات جۆرێك ڕاڤە بۆ مێژووی ئیتۆسی ڕەخنەیی پێشکەش بکات. ئەم ڕاڤەیە لەسەر سێ قۆناغ وەستاوە، یا بە دەربڕینی فۆکو، سێ لەنگەرگا دەپشکنێت بۆ ئەوەی ئاخێزگەی ئیتۆسی ڕەخنەیی تێدا بدۆزێتەوە: ١- شوانکارەیی مەسیحی کۆمەڵێك چالاکیی هەمەلایەنی ئەنجامدا کە ڕوانگەی ڕەخنەیی کردە ڕوانگەیەکی زەرووری. ئەم سیستەمە شوانکارەییە، خۆی بە شوانی خەڵکی دادەنا و خوازیاری ئەوە بوو کە هەموو تاکێك بکەوێتە ژێر هەژموونی چاودێریی و بەڕێوەبەرێتیی ئەوەوە. ئەم دۆخە، هەمان «سەردەمی منداڵی و نەگەیشتن بە پێگەیشتوویی» کانتییە. بەم پێیە، بەرە بەرە ئەندێشەی ڕەخنەیی لە زەینی ئەو کەسانەدا گەشەی کرد کە نەیاندەویست بۆ هەمیشە وەك منداڵ بمێننەوە. لەم قۆناغەدا، ئیتۆسی ڕەخنەیی لەلایەنی مێژوویەوە لە پێوەند بە وتەی موقەدەسەوە گەشە دەکات. ٢- لەنگەرگای دووەمی ئیتۆسی ڕەخنەیی لەم وتارەدا، «ویستی بەڕێوەنەبردران» و ڕەتکردنەوەی یاسا گەردوونی و دەرەکاتییەکانە؛ بە مانایەك، ڕەخنە دەکەوێتە بەرامبەر حکومەت و ئەو گوێڕایەڵییەی کە لە هاوڵاتییەکانی داوای دەکات. بە گشتی لەم قۆناغەی ئیتۆسی ڕەخنەییدا، گەڕانەوە بۆ مافە سروشتییەکان بەدی دەکەین. ٣- لە سێیەم قۆناغدا، ئیتۆسی ڕەخنەیی بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو هەقیقەتەی کە دەسەڵات وەك هەقیقەتی ڕەها دەیسەپێنێت، و لە بەرامبەردا، بەکارهێنانی عەقڵی خود بۆ جیاکردنەوەی هەق لە ناهەق، هەقیقەت لە هەڵە. لەم لەنگەرگایەدا، ڕەخنە دەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵات. بە کورتی فۆکو لەم گوتارەدا، پەیدابوونی ئیتۆسی ڕەخنەیی بە جۆرە وەڵامێك دەزانێت بۆ گەشەی سیستەمێك لە دەسەڵات کە بە «حکومەتمەندیی» ناوی دەبات.

بەڵام مەبەستی فۆکو لە چەمکی «حکومەتمەندیی» چییە؟ ئەو لە سیمینارێکدا لە زانکۆی ڤێرمۆنت بە ناوی ***تەکنیکەکانی خود*** (١٩٨٢)، پێکگەیشتنی تەکنیکەکانی باڵادەستی و تەکنیکەکانی خود بە «حکومەتمەندیی» ناو دەنێت. ئەو قسە لەسەر سێ تەکنیکی حکومەتمەندیی دەکات: تەکنیکی «سەربەخۆیی خود» لە سەردەمی یۆنانی کۆن، تەکنیکی شوانکارەیی مەسیحییەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و دواجار تەکنیکی حکومەتمەندیی «دەوڵەتی خۆشگوزەران» لە سەردەمی مۆدێرنەدا. توێژینەوەکانی فۆکو دەربارەی حکومەتمەندیی، دەپەرژێتە سەر ڕەچەڵەکناسیی مێژوویی تەکنیکەکانی کۆنترۆڵی سیاسی کە دواجار فۆرمە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتی دیسپلینی لێ دەکەوێتەوە. ئەو لە کتێبی ***چاودێری و سزا***دا، پەرژاوەتە سەر ئەم ڕەچەڵەکناسییە مێژووییەی تەکنیکەکانی کۆنترۆڵی سیاسی؛ خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەم کتێبەدا کە ئاماژەی پێ کرابێت، ئەمەیە کە لە بەرامبەر هەر فۆرمێك لە دەسەڵات، جۆرێك «بەرەنگاریی» لە بەرامبەریدا شکڵ دەگرێت. ئەو کارەش کە فۆکو لەم وتارەیدا ***ڕەخنە چییە؟*** دەیەوێت ئەنجامی بکات، لە ڕاستیدا شیکارییەکە بۆ شکڵگرتنی فۆرمێکی تایبەت لە بەرەنگاریی لە بەرامبەر حکومەتمەندییدا. فۆکو ڕەخنە بە «هونەری ئەوەندە ژێردەستەنەبوونی حکومەت بە هەر شێوەیەك»، یا بە «ویستی بەڕێوەنەبردران» پێناسە دەکات. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە ڕەخنەیە چڕ کراوەتەوە لەسەر مەرجەعییەتی ڕۆحانیی کڵێسا، مەرجەعییەتی دنیایی ڕێسا مەدەنییەکان و تۆڕێك پەیوەندییەکان کە دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. بەرمەبنای ئەمە، لە کاتێکدا کە حکومەتمەندیی، تاکەکان مەحکوم بە دەسەڵاتێك دەکات کە بانگەشەی هەقیقەت دەکات، ڕەخنە، بزووتنەوەیەکە کە لە ڕێگەیەوە، «سوژە ئەم مافە بە خۆی دەدات کە هەقیقەت بەرمەبنای کاریگەرییەکانی دەسەڵاتەکەی و دەسەڵات بەرمەبنای گوتارەکانی هەقیقەتەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛

کەواتە ڕەخنە هونەری یاخیبوونی خۆویستانەیە[لە کۆیلەیی]، هونەری سەرکێشیی بیرمەندانە.» بە دەربڕینێکی تر، سوژە دەتوانێت کاریگەرییەکانی دەسەڵاتی هەقیقەت و گوتارەکانی دەسەڵات لەبارەی هەقیقەتەوە بە هۆی کارکردی ڕەخنەوە بخاتە ژێر پرسیارەوە. لە یەك وتەدا، **کارکردی بنچینەیی ڕەخنە لە ڕوانگەی فۆکودا، سڕینەوەی ملپێکەچکردنی سوژەیە desubjectification لە سیاسەتی هەقیقەتدا.**
فۆکو پاش شیکارکردنی ئاخێزگە مێژووییەکانی پەیدابوونی ئیتۆسی ڕەخنەیی، گرنگی بە پێناسەی کانتی بۆ ڕۆشنگەری دەدات. فۆکو لە پێناسەی کانتدا بۆ ڕۆشنگەری، جۆرە تێکچنراوییەکی هاوبەرابەر لە نێوان ڕەخنە و حکومەتمەندییدا دەبینێت. ڕۆشنگەریی کانتی یاخود (هەمان ڕەخنەی فۆکویی)، بەرهەمی مێژوویی پرۆسەی «حکومەتمەندیسازیی» بووە لە کۆمەڵگەدا. فۆکو پێی وایە، کانت ئاگاداری پەیوەستەیی نێوان ڕەخنە و دەسەڵات بووە؛ چون دروشمی ڕۆشنگەریی «بوێر بە و بزانە»، لە ڕێگەی وتەکەی فریدریکی دووەمەوە هاوسەنگ دەکرێت: «مادام کە گوێڕایەڵ دەبن، هەرچەندە دەیانەوێت با بیر بکەنەوە.». کانت لە وتاری **ڕۆشنگەری چییە؟** دوو جۆرە بەکارهێنان بۆ عەقڵ دەستنیشان دەکات: بەکارهێنانی گشتی و بەکارهێنانی تایبەتی. بە باوەڕی فۆکو، ئەم جیاکردنەوە کانتییە دەربڕی ئەوەیە کە کانت سنووردارییەکانی عەقڵی پشتڕاست کردووەتەوە. بوێریی زانین، هاوکات بوێریی دانپێدانانە بە سنووردارییەکانی عەقڵ و ئەم جۆرە عەقڵە، بەکارهێنانی ڕێپێدراوی خۆی تەنها لە بەکارهێنانە گشتییەکەیدا دەبینێت. فۆکو بە جێگیرکردنی جۆرێك هاومانایی لە نێوان «ڕۆشنگەری»ی کانت و «ڕەخنە»دا، مەرگی ئایدیاڵەکانی ڕۆشنگەری لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەك بەردەوامییەك بۆ پرۆژەی ڕەخنەیی کانت دەبینێت، پرۆژەیەکی ڕەخنەیی کە ڕەخنەکەی بەر لە هەر شتێك ئاراستەی خودی ڕۆشنگەری کراوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا سێ ڕووداوی گەورەی فەلسەفی و زانستی ڕوودەدات کە

ڕاستەوخۆ دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕەخنە یا ڕۆشنگەرییە زیاتر ئاڕاستەی خودی ئایدیاڵەکانی ڕۆشنگەری بکرێت: یەکەم، گەشەکردنی زانستی پۆزەتیڤیستی؛ دووەم، دەرکەوتنی ڕوانگەی ئامانجناسانە teleogical (لە فەلسەفەی هیگڵ) و تەکنۆکراتیک (لە ئەندێشەی سان سیمۆن) لەبارەی دەوڵەتەوە؛ و سێیەم، تێکچڕاویی یاخود یەکگرتنی زانستی پۆزەتیڤ و دەوڵەت کە فۆکو بە زانستی دەوڵەت یا بە «دەوڵەتگەرایی» ناوی دەبات. بزووتنەوەی ڕەخنەیی فەرەنسی لە بەرهەمی فەیلەسوفانێکی وەك گاستۆن باشلار و کانگلیمدا، بزووتنەوەکە زیاتر دەپەرژێتە سەر مێژووگەرایی زانست. بە مانایەك ئەم بزووتنەوەیە ڕێکارێکی مێژوویی-ڕەخنەیی سەبارەت بەو هۆکارانە دەگرێتەبەر کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و باڵادەستیی فۆرمێکی تایبەت لە عەقڵانییەت و لەم ڕێگەوە، سیستەمی تۆتالیتار و باڵادەستیی جۆرێکی تایبەت لە عەقڵانییەت دەخەنە ژێر پرسیارەوە. فۆکو لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم پرسە ڕوون دەکاتەوە؛ ڕۆڵی فەلسەفەی سەدەی نۆزدەهەم خستنەڕووی ئەم پرسیارەیە: «ئەمە چ ساتێکە کە عەقڵ دەگاتە سەربەخۆیی؟ مانای مێژووی عەقڵ چییە و دەتوانرێت چ بەهایەك بدرێتە پاڵ ئەم باڵادەستییەی عەقڵ لە جیهانی مۆدێرندا؟ باڵادەستییەك کە لە ڕێگەی سێ فۆرمی گرنگەوە ڕەخسێنراوە؛ ئەندێشەی زانستی، دەزگای تەکنیکی و ڕێکخراوی سیاسی.» بێگومان بۆ فۆکو، یەکێك لە کارکردە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە لە سەردەمی ئێمەدا توێژینەوەی ئەم سێ قەڵەمڕەوەیە. بە باوەڕی فۆکو، ڕۆڵی فەلسەفیی مێژووی زانست لە ئۆگست کۆنتەوە تا دەیەی ١٩٦٠، بەدواداچوون بووە بۆ ئەم گرفتە. بەڵام لە ئەڵمانیادا، ڕووداوەکە بە شێوەیەکی ترە و ئەم پرسیارەی کە دەڵێت: مێژووی عەقڵ یان مێژووی فۆرمە عەقڵانییەکان لە ئەورووپادا چییە؟ لە ماکس ڤێبەرەوە تا تیۆری ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت گەڵاڵە دەکرێت، و هەر ئەم پرسیارە، ناوەندی تێڕامانەکان، بەهاکان و نۆرمەکانە. هەر بۆیە ئەم

پرسیارە دەخرێتەڕوو: «پەیوەندیی ئەم گرفتە بە مێژووی عەقڵ، بە باڵادەستیی عەقڵ و بە فۆرمە جیاوازەکانی کارکردی ئەم باڵادەستییەوە چییە؟» فۆکو و بێگومان بە مانایەك قوتابخانەی فرانکفۆرت، هەردوو ئەم پرسیارە ڕەخنەییە دەخەنەڕوو: چۆن عەقڵانیکردنی کۆمەڵگە، باڵادەستیی عەقڵی لێ کەوتەوە؟ و بێگومان ئەم پرسیارەش لە ڕۆشنگەریی کانتەوە هاتووە. بەڵام لە لێپرسینەوەی عەقڵی ڕۆشنگەریدا، یا لەم گرفتسازییەی عەقڵدا، ئەوەی کە بۆ فۆکو گرنگە بێگومان ئەو شتەیە کە بە «کرداری مێژوویی- فەلسەفی» ناوی دەبات؛ چون ئەم کردارە وەك فەلسەفەی مێژوو و مێژووی فەلسەفە نییە، بەڵکە کردار یا پراکتیکێکە کە پەیوەندی بە شکڵپێدانی مێژووی خودی مرۆڤەوە هەیە؛ کردارێك کە پەیوەستە بە زیندووکردنەوەی مێژووەوە لە ڕێگەی «حەکایەت»ێکی پەراوێزخراوەوە کە لەگەڵ پرسیاری پەیوەندییەکانی نێوان بونیادەکانی عەقڵانییەت دژیەك دەکەوێتەوە؛ بونیادگەلێك کە گوتاری ڕاستەقینەی دەسەڵات، میکانیزمەکانی باڵادەستی و ملپێکەچکردنی سوژەجومگەبەندیی دەکەن. پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟ی کانت بەرەو ئەم پرسیارە **هەنووکەیی**یە ئاڕاستەمان دەکات: ئەو شتە چییە کە منم؟ یاخود بە وتەی فۆکو «من چیم؟ منێك کە پەیوەستم بەم مرۆڤایەتییەوە، دەشێت بەم کەمینەوە[بەم پەراوێزەوە]، بەم ساتەوە، بەم ساتەوە لە مرۆڤایەتی کە سوژە ملکەچی دەسەڵاتی هەقیقەتە بەشێوەیەکی گشتی و ملکەچی هەقیقەتەکانە بەشێوەیەکی تایبەت؟». پرسیاری ڕۆشنگەری، پرسیارە لە هەنووکەیی بوونی مرۆڤ، پرسیارە لە بوونناسیی واقیعییەتی ئێستا، لە سنووردارێتی مێژوویی و ئۆنتۆلۆژیی مرۆڤ...

**(وەرگێڕی کوردی)**

سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم گوتارە:

Mechel Foucault, The Politics of Truth (semiotext(e): a history of the present), Edited by Sylvere Lotringer, Introduction by John Rajchman, Translated by Lysa Hochroth and Catherine Porter, pp. 41-83.

## ڕەخنە چییە؟

## [Qu’est-ce que la critique ?]

**هێنری گۆهیێ**: خانمان و خۆشەویستان، یەکەم دەمەوێت سوپاسی بەڕێز میشێل فۆکو بکەم کە ئەم کۆڕەی لەناو بەرنامەی کاری پڕ سەرقاڵی ئەمساڵی خۆیدا جێ کردەوە، چون تا ڕادەیەک دوو ڕۆژ لە دوای گەڕانەوەی لە گەشتێکی درێژخایەن بۆ یابان، ئێستا لێرەدا و لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەیە. ئەم خاڵە نیشانی دەدات کە بۆچی بانگهێشتنامەی ئەم کۆڕە تا ئەندازەیەك [بانگهێشتنامەیەکی] کورت بوو؛ بەڵام بەوەدا کە وتارەکەی فۆکو بەڕاستی چاوەڕواننەکراوە و دەتوانین چاوەڕواننەکراوییەکەی [surprise] بە دڵخواز و سەرنجڕاکێش دابنێین، چیتر لەمە زیاتر لە چێژی بیستنی هێندە لە چاوەڕوانیدا ناتانهێڵمەوە.

**میشێل فۆکو**: پێشەکی زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم کە بۆ ئەم کۆڕە و بۆ بەردەم ئەم ئەنجوومەنە فەلسەفییە، بانگهێشتتان کردم. وابزانم پێشتر نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر، هەر لێرەدا سەبارەت بە بابەتێك لەژێر ناونیشانی «دانەر چییە؟»[6]وتارێکم پێشکەش کرد.

---

[6]. بۆ وتاری «دانەر چییە؟» بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوەیە:
***شانۆی فەلسەفە***، میشێل فۆکۆ، وەرگێڕانی سەروان ئەحمەد، دەزگای غەزەلنوس، چاپی یەکەم ٢٠١٩، ل ١١٤-١٨٣.

بۆ پرسیارێك کە ئەمڕۆ دەمەوێت لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، هیچ ناونیشانێکم دانەناوە. بەڕێز **گوهێ** کەمێك بە چاوپۆشی لێکردنەوە، ویستی پێتان بڵێت کە هۆکاری ئەم کارە گەشتی من بووە بۆ یابان. لە ڕاستیدا، ئەمە جۆرێك تەنك کردنەوەی ئێجگار نەرمونیانانەی هەقیقەتە. دەبێت بڵێم کە هەتا ئەم ڕۆژانەی دوایی، هیچ ناونیشانێکم بۆ وتارەکەم نەدۆزیبووەوە؛ یا بە دەربڕینێکی وردتر، یەك ناونیشان هەبوو کە زەینمی تەواو بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، بەڵام نەمدەویست هەڵیبژێرم. دواتر دەیبینن کە بۆچی: ناونیشانێکی نابەجێ بوو.

لە ڕاستیدا، پرسیارێك کە دەمویست لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم و هەتا ئێستاش دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، ئەمەیە: **ڕەخنە چییە؟** لێرەدا شیاوی ئەوەیە چەند وشەیەك دەربارەی ئەم پرۆژەیە بڵێم، ***پرۆژەیەك کە لە سنوورە دوورەکانی فەلسەفەدا، تەواو نزیك بە فەلسەفە، تەواو دژ بە فەلسەفە، بە بەهای فەلسەفە، لە ڕێڕەوی فەلسەفەی داهاتوودا، و دەشێت لە جیاتیی هەر فەلسەفەیەکی شیاو، بە بێ وەستان شکڵ دەگرێت، بەردەوام دەبێت و سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە.*** لە نێوان پرۆژەی ترانسێندێنتاڵی کانتی و وردەچالاکییە گفتووگۆیی- پیشەییەکاندا کە ناوی لێ نراوە ڕەخنە، پێموایە کە لە ڕۆژئاوای مۆدێرندا (تا ڕادەیەک و بەشێوەی ئەزموونی، لە سەدەی پازدەیەم-شازدەیەم بەدواوە)، شێوەیەك لە بیرکردنەوە، قسەکردن و هەروەها کردەنواندن، پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو شتەدا کە بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە دەیزانین، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەنجامی دەدەین، پەیوەندییەك لەگەڵ کۆمەڵگە، لەگەڵ کولتوور و هەروەها پەیوەندییەك لەگەڵ ئەوانیتردا بوونی هەبووە کە دەتوانرێت بە وتەیەك، بە **ئیتۆسی ڕەخنەیی** ناو بنرێت. بەدڵنیاییەوە پێتان سەیر دەبێت کە ئەم وتەیە دەبیستن کاتێك کە دەڵێم شتێك هەیە وەك ئیتۆسی ڕەخنەیی کە تایبەتە بە شارستانییەتی ڕۆژئاوا،

لە کاتێکدا کە ڕەخنەکان، مشتومڕەکان و شتانێکی زۆری لەم جۆرە هەبووە و تەنانەت ئاخێزگەکانی گرفتە کانتییەکان بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشتر لە سەدەکانی پانزە-شانزە. هەروەها پێتان سەیر دەبێت کاتێك کە هەوڵ دەدەم یەکێتییەك لەم ڕەخنەیەدا بدۆزمەوە، لە کاتێکدا کە وا دەردەکەوێت کە ئەم ڕەخنەیە بەرمەبنای چییەتی، کارکرد و دەتوانم بڵێم بەرمەبنای پیشەکەی، مەحکوومە بە پەرتەوازەیی، وابەستەیی و ژێردەستەیی[7] پەتی. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەخنە تەنها کاتێك بوونی هەیە کە پەیوەندیی لەگەڵ شتێکی تردا هەبێت کە خۆی نەبێت: ڕەخنە ئامڕازە، کەرەستەیەکە بۆ یەك داهاتوو یا بۆ هەقیقەتێك کە ڕەخنە لێی بەئاگا نییە و ڕەخنە ئەم داهاتوو یا هەقیقەتەش نییە، [بەڵکە] نیگایەکە بەسەر پانتاییەکدا کە دەیەوێت تێیدا وەك پۆلیس کار بکات، بەڵام ناتوانێت بەڕێوەی ببات. هەموو ئەمانە وادەکات کە ڕەخنە یەك کارکرد بێت کە لە پێوەند بەو شتانەوە کە بە شێوەی ئەرێنی فەلسەفە، زانست، سیاسەت، ئەخلاقیات، یاساکان، ئەدەبیات و هتد، پێك دەهێنن، کارکردێکی ملکەچ و ژێردەستە بێت. لە هەمان کاتیشدا، چێژەکان یا ئەو قەرەبووکردنەوەنەی لەگەڵ چالاکیی کونجاکاوانەی ڕەخنەدا هەرچی بن، وادێتە بەرچاو کە ڕەخنە تا ڕادەیەک بە ڕێکوپێکی و تا ڕادەیەک هەمیشە، نەك تەنها هەڵگری جۆرێك سەختگیریی سوودمەندە کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکە هەروەها لەسەر جۆرێك بڕیاری گشتی تر- زۆر گشتی تر لە نەهێشتنی هەڵەکان- دامەزراوە. لە ڕەخنەدا شتێك هەیە کە لە فەزیلەت دەچێت. ئەوەشی کە دەمویست لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، لە یەك لایەنەوە، ئەم ئیتۆسە ڕەخنەییەیە وەك فەزیلەت بە شێوەیەکی گشتی. [ئیتۆسی ڕەخنەیی وەك فەزیلەتی ئەخلاقی].

---

[7] - heteronomy

بێگومان ڕێگاگەلێکی زۆر هەن بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ئیتۆسە ڕەخنەییە. تەنها دەمەوێت ڕێگایەکتان بۆ پێشنیار بکەم، کە لە نێوان زۆرێك لە ڕێگاکانی تردا، ڕێگایەکی گونجاوە. پێشنیاری من ئەمەیە: شوانکارەیی[8] مەسیحی یا کڵێسای مەسیحی لەوێدا کە چالاکییەکی ورد و ڕاشکاوی شوانی پەرەپێدا، ئەم ئایدیایەی کە بە باوەڕی من، ئایدیایەکی تاقانە و تەواو نامۆیە بە کولتووری دێرین [ی یۆنانی-ڕۆمی]، گەشەپێدا: هەموو تاکێك، جا لە هەر تەمەنێك و لە هەر پێگەیەکدا بێت، دەبێت لە سەرەتای لەدایکبوونەوە هەتاکوو کۆتایی تەمەن و لە وردەکارییەکانی هەڵسوکەوتیدا، بەڕێوە ببردرێت و دەبێت بهێڵێت [وەك تاکێك] فەرمانڕەوایی بەسەردا بکرێت، واتە لەلایەن کەسێکەوە کە تاك پەیوەندییەکی هەمەلایەنە و هاوکات کونجکاوانە و وردی گوێڕایەڵانەی لەگەڵدا هەیە، بەرەو ڕزگاری ڕێنمایی بکرێت. و ئەم کردەی ڕێنماییە بەرەو ڕزگاری لە پەیوەندییەکی گوێڕایەڵانە لە کەسێك، پێویستە لە پەیوەندییەکی سێیانە لەگەڵ هەقیقەتدا جێبەجێ بکرێت: [یەکەم] هەقیقەت وەك پرەنسیپە ئیمانییەکان؛ [دووەم] جگە لەمەش هەقیقەت لەم ڕوانگەوە کە ئەم ڕێنماییە هەڵگری شێوازێکە لە ناسینی تایبەت و تاکسازیی تاکەکان-[هەقیقەت وەك ڕێنمایی مەعریفەیەکی تایبەتە کە تاکێتی دەبەخشێتە تاکەکان]؛ و دواجار، هەقیقەت لەم ڕوانگەوە کە ئەم ڕێنماییە وەك تەکنیکێکی ڕێکوپێك گەشە دەکات کە لە ڕێسا گشتییەکان، ناسینە تایبەتەکان، فەرمانەکان، و میتۆدەکانی ئەزموون، دانپێدانان، چاوپێکەوتن و هتد پێکهاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا، نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەو شتەی بۆ چەندین سەدە لە کڵێسای یۆنانی بە technè technôn [تەکنیکی تەکنیکەکان] و لە کڵێسای لاتینی ڕۆمی بە ars artium [هونەری هونەرەکان] ناو دەهێنرا، بە وردیی ڕێنمایی ویژدان بوو:

---

[8]- la pastoral/the pastoral

هونەری بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان[9]. بە دڵنیاییەوە، ئەم هونەری بەڕێوەبردنە هەتا ماوەیەکی درێژخایەن پەیوەست بوو بە کردارگەلێکی تا ڕادەیەک سنووردارەوە، و سەرەنجام تەنانەت لە کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەست بوو بە ژیانی پەرستگایی، پەیوەست بوو بە گرووپە مەعنەوییەکانەوە کە تا ڕادەیەک سنووردار و بەتایبەت لەناو ئەم گرووپانەدا بەکار دەهێنرا. بەڵام پێموایە دەتوانرێت بگوترێت کە لە سەدەی پازدەیەم بەدواوە و بەر لە چاکسازیی ئایینی، تەقینەوەیەکی گەورە لە هونەری بەڕێوەبردنی مرۆڤەکاندا ڕوویداوە، تەقینەوە بە دوو مانا: یەکەم، جێگۆڕکێ سەبارەت بە ناوەندی ئایینیی هونەری بەڕێوەبردن، بە مانایەك، دەتوانین بڵێین دنیاییکردن [secularization]، و پەرەپێدانی تێگەی هونەری بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی میتۆدگەلێك بۆ ئەنجامدانی ئەم هونەرە. دووەمیش، تەشەنەپێکردنی هونەری بەڕێوەبردن لە پانتاییە جۆراوجۆرەکاندا: چۆن بەڕێوەبردنی منداڵەکان، چۆن بەڕێوەبردنی هەژاران و سواڵکەرەکان، چۆن بەڕێوەبردنی یەك خێزان، یەك ماڵ، چۆن بەڕێوەبردنی سوپاکان، چۆن بەڕێوەبردنی گرووپە جیاوازەکان، شارەکان، دەوڵەتەکان، چۆن بەڕێوەبردنی جەستەی خود، چۆن بەڕێوەبردنی زەینی خود. پێموایە **چۆن بەڕێوەبردن** [How to govern] یەکێکە لە پرسیارە بنەڕەتییەکانی ئەو شتەی کە لە سەدەی پانزەیەم یان لە سەدەی شانزەیەمدا ڕوویدا. پرسیارێکی بنەڕەتی کە لە ڕێگەی تەشەنەپێکردنی تەواوی هونەرەکانی بەڕێوەبردن-هونەری پەروەردەیی، هونەری سیاسی، هونەری ئابووریی- و تەشەنەپێکردنی تەواوی دامەزراوەکانی حکومەتەوە وەڵامی درایەوە؛ و ئەڵبەتە حکومەت بەو مانا فرەڕەهەندەی کە ئەم زاراوەیە لەو سەردەمەدا هەیبوو.

[9]- The art of governing men.

بەڵام وای بۆ دەچم کە ناتوانرێت ئەم حکومەتمەندسازییە[10] کە بە باوەڕی من تا ڕادەیەک تایبەتمەندیی ناسێنەری کۆمەڵگاکانی ئەورووپای ڕۆژئاوایە لە سەدەی شانزەیەمدا، لەم پرسیارە جیا بکرێتەوە: **«چۆن بەڕێوەنەبردران؟ How not to be governed»**. مەبەستم ئەمە نییە کە ئەم وتە دژبەیەکەی کە دەڵێت: «ئێمە نامانەوێت کە بەڕێوەببردرێین، ئێمە **بە هیچ شێوەیەك** نامانەوێت بەڕێوەببردرێین»، لە جۆرێك ڕووبەڕووبوونەوەدا، دژایەتی لەگەڵ حکومەتمەندسازییدا هەبێت. بەڵکە مەبەستم ئەمەیە کە لەم نیگەرانییە گەورەیەدا لەمەڕ شێوازی بەڕێوەبردن و لە توێژینەوە سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردن، بەردەوام بەرەوڕووی پرسیارێکی هەمیشەیی دەبینەوە: «چۆن **بەم شێوەیە**، لەلایەن ئەمەوە، بە ناوی ئەم پرەنسیپانەوە، بە مەبەستی ئەم ئامانجانە و لە ڕێگەی ئەم جۆرە میتۆدانەوە بەڕێوەنەبردرێین؛ نە بەم شێوەیە، نە بۆ ئەم [ئامانجانە]، نە لەلایەن ئەوانەوە»؛ و ئەگەر ڕەهەندی مێژوویی و یەك پانتایی کە بە باوەڕی من پەیوەستە بە [حکومەتمەندسازییەوە]، ببەخشینە ئەم بزووتنەوە حکومەتمەندسازییەی هەم کۆمەڵگە و هەم تاکەکان، وادەردەکەوێت کە دەتوانین شوێنێك بۆ ئەو شتەی کە بە ئیتۆسی ڕەخنەیی ناوی دەنێین، تا ڕادەیەك لە هەمان ئاڕاستەدا بکەینەوە. لە بەرامبەردا و وەك لایەنی بەرامبەر، یا بە دەربڕینێکی وردتر، وەك هەم بەشدار و هەم دوژمنی هونەرەکانی بەڕێوەبردن، وەك گومانکردن لەم هونەرانە، وەك بەرەنگاری کردنی ئەم هونەرانە، پەسەند نەکردنیان، سنووردارکردنیان، دۆزینەوەی پێوەرێکی گونجاو بۆیان، گۆڕینیان، گەڕان بە شوێن تێپەڕگەیەك بۆ دەربازبوون لەم هونەرانەی بەڕێوەبردن، یا هەرچۆنێك بێت، جێگۆڕکێ پێکردنیان لەژێر ناونیشانی یەك گومانی بنچینەیی، بەڵام هەروەها و هەر لەسەر ئەم بنەمایە، تەنانەت وەك هێڵی

[10]- Gouvernementalisation/Govermentalization

گەشەی هونەرەکانی بەڕێوەبردن، هەندێك شت بوونیان هەیە کە لەم سەردەمەدا لە ئەوروپا لەدایك بوون، جۆرێك فۆرمی کولتووری گشتی، ئیتۆسێکی هەم ئەخلاقی هەم سیاسی، شێوازێك لە بیرکردنەوە و هتد؛ و ئەوەی کە دەتوانم بەئاسانی بە**هونەری بەڕێوەنەبردران یان هونەری بەڕێوەنەبردران بەم شێوەیە و بەم نرخە** ناو بنێم. کەواتە من ئەم تایبەتمەندییە گشتییە وەك پێناسەیەکی تەواو سەرەتایی بۆ ڕەخنە پێشنیار دەکەم: هونەری تەواو بەڕێوەنەبردران[11].

ڕەنگە پێم بڵێن کە ئەم پێناسەیە هەم زۆر گشتییە، هەم زۆر ناڕوونە، و هەم نەخەمڵیوە. بەڵێ بە دڵنیاییەوە! بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێموایە کە ئەم پێناسەیە بوارێکمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بتوانین چەند لەنگەرگایەکی [anchorage] دیاری ئەو شتە بدۆزینەوە کە هەوڵ دەدەم بە ئیتۆسی ڕەخنەیی ناوی بنێم. ئەڵبەتە لەنگەرگاگەلێکی مێژوویی و دەتوانرێت بەم جۆرە دەستنیشان بکرێن:

1. یەکەمین لەنگەرگا: لە قۆناغێکدا کە هونەری بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان لەبنچینەدا هونەرێکی مەعنەویی، یان کردارێکی لەبنچینەدا ئایینی پەیوەست بە دەسەڵاتداران و سەرپەرشتیکارانی یەك کڵێسا، پەیوەست بوو بە مەرجەعییەتی وتەی موقەدەس، ویستی بەڕێوەنەبردران بەم شێوەیە لە بنچینەدا بە شوێن پەیوەندییەکی تردا دەگەڕا لەگەڵ وتەی موقەدەسدا، پەیوەندییەك جگە لەو پەیوەندییەکەی کە پەیوەست بوو بە کردەی فێرکارییەکانی خواوەندەوە، ویستی بەڕێوەنەبردران شێوەیەك بوو لە ڕەتکردنەوە، پەسەندنەکردن و (بە وتەیەك) سنووردارکردنی مەرجەعییەتی

---

[11] the art of not being governed quite so much، «هونەری ئەوەندە ژێردەستەنەبوونی حکومەت بە هەر شێوەیەک».

کڵێسایی، گەڕانەوە بۆ وتەی موقەدەس، پرسیارکردن دەربارەی ئەوەی کە لە وتەی موقەدەسدا بڕواپێکراوە، ئەوەی کە بەڕاستی لە وتەی موقەدەسدا نووسراوە، پرسیار دەربارەی ئەمەی کە وتەی موقەدەس چ جۆرە هەقیقەتێك دەڵێت، چۆن دەتوانین لەناو وتەی موقەدەسدا و دەشێت لەگەڵ ئەوەشدا کە وتەیە و نووسراوە، دەستمان بگاتە ئەم هەقیقەتەی وتەی موقەدەس، تا ئەو شوێنەی کە دەگەینە ئەم پرسیارە سادەیە: ئایا وتەی موقەدەس ڕاستەقینەیە؟ و بەگشتی، لە جۆن ویکلیفەوە[12] تا پییێر بایل[13]، ڕەخنە تا ڕادەیەك، و پێموایە تا ڕادەیەکی زۆر و ئەڵبەتە نەك هەمووی بە تەواوەتی، لە پێوەند بە وتەی موقەدەسەوە گەشەی

---

[12]John Wyclliffe- (١٣٨٤-١٣٢٠)، خوداناس، ڕیفۆرمخواز و فەیلەسوفێکی بە ڕەگەز ئینگلیزییە؛ ویکلیف یەکێکە لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی پرۆتستانت لە بەریتانیادا و هەر ئەو بوو بۆ یەکەمجار ئینجیلی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. هەروەها ئەو دژی نەریتە باوەکانی جیهانی کاسۆلیک مەزهەبەکان بووە و نەریتگەلێکی وەک دانپێدانان، ناوەندگیریی قەشەکان و ڕێوڕەسمی عیشای ڕەبانی ڕەت کردووەتەوە؛ و بێگومان یەکێک لە گرنگترین داهێنانەکانی ویکلیف لە بواری خوداناسیدا کە دواتر دەبێتە یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی پرۆتستانی مارتن لۆسەر، داڕشتنەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودایە بەبێ هیچ ناوەندگیرییەک؛ واتە گرێدانەوەی مرۆڤ بە خوداوە لە ڕێگەی ئیمانێکەوە کە لە نەریتی پەروەردەیی دەزگای کڵێساوە نەهاتووە. (و. کوردی)

[13]Pierre Bayle- (١٧٠٦-١٦٤٧)، فەیلەسوف و نووسەری فەڕەنسی؛ بایل سەر بە نەریتی عەقڵانییەتە و یەکێکە لە ڕەخنەکارەکانی خوداناسیی کاسۆلیکییەت. بێگومان گرنتگترین کتێبی ئەو بریتییە لە **فەرهەنگی مێژوویی و ڕەخنەیی** کە یەکێکە لە مەرجەعەکانی فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری و لە ساڵی ١٦٩٧دا بڵاو کرایەوە. بێگومان بایلیش وەک بیریارانی سەردەمەکەی خۆی هەمیشە دەرگیری عەقڵییەتی توندڕەوانی ئایینی بووە. و هەر لەبەر ئەمەیە کە فۆکۆ لەگەڵ ویکلیفدا وەک نموونەیەک دەیانهێنێتەوە لە پەرەسەندنی ئیتۆسی ڕەخنەیی لە پێوەند بە کتێبی موقەدەسەوە. (و. کوردی)

کرد. بە مانایەك ڕەخنە لە ڕەهەندی مێژوویەوە پەیوەستە بە وتەی موقەدەسەوە.

2. ویستی بەڕێوەنەبردران دووەمین پنتی لەنگەرگایە، ویستی بەم شێوەیە بەڕێوەنەبردران، ویستی پەسەندنەکردنی ئەم یاسایانە، چون نادادپەروەرانەن، چون لە ژێر کۆنیی یاساکان یاخود لە ژێر ئەو درەوشانەوە و لە پێشترییە تایبەتە کەم تا زۆر مەترسیدارەی کە فەرمانڕەوای ئەمڕۆ بە یاساکانی دەدات، ناڕەوایەتییەکی بنچینەیی دەشارنەوە. کەواتە لەم ڕوانگەدا، ڕەخنە دەکەوێتە بەرامبەر حکومەت و گوێڕایەڵییەك کە حکومەت داوای دەکات، دەکەوێتە بەرامبەر ئەو مافە گەردوونی و دەرەکاتی و ناڕەوایانەی کە هەر حکومەتێك، جا هەرچییەك بێت، چ پادشا، چ فەرمانڕەوا، چ ڕاهێنەر، چ باوکی خێزان، دەبێت پەیڕەویان لێ بکات. بە گشتی، لێرەدا دیسان پرسی مافە سروشتییەکان دەبینینەوە.

مافە سروشتییەکان بە دڵنیاییەوە داهێنانی ڕێنیسانس نییە، بەڵام لە سەدەی شانزەیەم بەدواوە، کارکردێکی ڕەخنەیی بەدەست دەهێنن کە هێشتاکەش ئەم کارکردەیان پاراستووە. مافە سروشتییەکان بەم جۆرە وەڵامی پرسیاری «چۆن بەڕێوەنەبردران؟» دەداتەوە: سنوورەکانی مافی بەڕێوەبردن کامانەن؟ دەبێت بڵێین کە لێرەدا ڕەخنە لەبنچینەدا [گرفتێکی] یاساییە.

3. و سەرەنجام «ویستی بەڕێوەنەبردران» بە دڵنیاییەوە ئەمەیە کە بەکورتی: ئەوەی کە دەسەڵاتێك بە ئێوەی دەڵێت کە هەقیقەتە، وەك هەقیقەت پەسەندی نەکەن، یاخود بە لایەنی کەمەوە [تەنها] بە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتێك پێتان دەڵێت کە هەقیقەتە، پەسەندی مەکەن، بەڵکە تەنها لە دۆخێکدا پەسەندی بکەن کە خۆتان بەڵگەکانی پەسەندکردن بە ڕاست بزانن. و لەم کاتەدا،

لەنگەرگای ڕەخنە دەکەوێتە بەرامبەر گرفتی دڵنیایی یا یەقین و ڕاستیی مەرجەعی دەسەڵات.

کتێبی پیرۆز، ماف، زانست؛ وتەی موقەدەس، سرووشت، پەیوەندیی لەگەڵ خود؛ مەرجەعییەت، یاسا، دەسەڵاتی پرەنسیپە ئیمانییەکان. دەبینین کە چۆن گەمەی حکومەتمەندسازیی و ڕەخنە بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەگەلێك کە بە گومانی من، لە مێژووی کولتووری ڕۆژئاوادا، گرنگ و بنچینەیی بوون، چ گەشەی زانستە زمانناسییەکان[14] مەبەست بێت، چ گەشەی ئەندێشەی فەلسەفی، چ شیکارکردنی یاسایی، چ تێڕامانی میتۆدناسی. بەڵام بەتایبەت دەبینین کە ناوەندی ڕەخنە لەبنچینەدا کۆیەکە لەو پەیوەندیانەی کە دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە، یەکێکیان لەگەڵ ئەویتریان، یاخود یەکێکیان بە دوانەکەی ترەوە گرێ دەدات. و ئەگەر حکومەتمەندسازیی بەڕاستی ئەو بزووتنەوەیەیە کە مەبەست لێی بریتییە لەمەی کە لەناو خودی واقیعییەتی یەك کرداری کۆمەڵایەتی، بە یارمەتیی میکانیزمەکانی دەسەڵاتێك کە بانگەشەی هەقیقەت دەکات، تاکەکان بکاتە سوژەی ملپێکەچکراو، ***کەواتە دەبێت بڵێم کە ڕەخنە ئەو بزووتنەوەیەیە کە سوژە ئەم مافە بە خۆی دەدات کە هەقیقەت بەرمەبنای کاریگەرییەکانی دەسەڵاتەکەی و دەسەڵات بەرمەبنای گوتارەکانی هەقیقەتەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ کەواتە ڕەخنە هونەری یاخیبوونی خۆویستانەیە، هونەری سەرکێشیی بیرمەندانە. کارکردی ڕەخنە لە***

---

[14]. philological sciences

***بنچینەدا لەملپێکەچخستنی سوژەیە[15] لە گەمەی ئەو شتەدا کە دەتوانرێت لە یەك وتەدا، بە سیاسەتی هەقیقەت ناو بنرێت.***

ئەوەندە خۆپەسەندیم هەیە کە پێموابێت ئەم پێناسەیە [بۆ ڕەخنە] سەرەڕای تایبەتمەندیی هەم ئەزموونی، هەم نزیکەیی و هەم بەشێوەیەکی دڵخواز دوور لەو فەزایەی کە ئەم پێناسەیە داگیری دەکات، زۆر جیاواز نییە لەو پێناسەیەی کە کانت دەیخاتەڕوو: نەك پێناسەی ڕەخنە، بەڵکە بە وردیی پێناسەی شتێکی تر. ئەم پێناسەیە بە لایەنی کەمەوە زۆر دوور نییە لەو پێناسەیەی کە کانت بۆ **ڕۆشنگەری**[16] دەیکات. لە ڕاستیدا، ئەم خاڵە تایبەتمەندییەکە کە کانت لە دەقی ١٧٨٤ی خۆیدا لەبارەی **ڕۆشنگەری چییە؟** باسی دەکات. [یەکەم]، **ڕۆشنگەری** وەك دۆخێکی دیاریکراو لە پێنەگەیشتوویی پێناسە دەکات؛ دۆخێك کە مرۆڤایەتی تێیدا دەپارێزرێت، ستەمکارانە ڕاگیر دەکرێت و لەو دۆخەدا دەهێڵرێتەوە. دووەم، ئەمەی کە کانت ئەم پێنەگەیشتوویە پێناسە دەکات و تایبەتمەندییەکانی بە جۆرێك لە بێدەسەڵاتی و نەتوانین [incapacity] هەژمار دەکات کە مرۆڤایەتی تێیدا وەك خۆی ڕاگیر دەکرێت، نەتوانین لە بەکارخستنی عەقڵی خود بەبێ ئەوەی کە بەوردیی ڕێنمایی یەك ئەویترە، و ئەو وشەی [leiten ڕێنمایی] بەکار دەهێنیت کە مانایەکی ئایینی تەواو پێناسەکراوی هەیە لەلایەنی مێژووییەوە. سێیەم ئەمەی کە پێموایە ئەم خاڵە خاڵێکی ڕونکەرەوەیە کە کانت ئەم بێدەسەڵاتی و نەتوانینە لەسەر بنەمای پەیوەستەیەکی دیاریکراو پێناسە دەکات، پەیوەستەیی نێوان لەلایەکەوە، دەسەڵاتێك کە پیادە دەکرێت و مرۆڤایەتی لەم دۆخی پێنەگەیشتوویەدا دەهێڵێتەوە، پەیوەستەیی نێوان ئەم زیادەڕەوییەی

---

[15]- desassujettissement/desubjugation

[16]- لەم گوتارەدا فۆکۆ هەمیشە چەمکە ئەڵمانییەکەی ڕۆشنگەری **Aufklarung**بەکار دەهێنیت.

[پیادەکردنی] دەسەڵات، لەلایەکی تریشەوە ئەو شتەی کە ئەو بە شکست لە بڕیاردان هەژماری دەکات و بە لە دەستدانی بوێریی ناوی دەنێت. لە کۆتاییدا، ئەم پێناسەیە بۆ **ڕۆشنگەری** تەنها جۆرێك پێناسەی مێژوویی و تیۆریکی نییە؛ لەم پێناسەیەدا بۆ **ڕۆشنگەری** شتێك هەیە کە ناولێنانی بە ئامۆژگاریی ئایینی بێگومان کەمێك پێکەنیناوی دەردەکەوێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت، بانگهێشتێکە بۆ بوێریی کە ئەو لەم ناساندنەی ڕۆشنگەریدا دەیهێنێتە پێشەوە. نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەمە وتارێکە بۆ ڕۆژنامە [نووسراوە]. جێی خۆیەتی کە توێژینەوەیەك دەربارەی پەیوەندییەکانی فەلسەفە و ڕۆژنامەگەری لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە ئەنجام بدرێت... ڕەنگە ئەم جۆرە توێژینەوەیە ئەنجام درابێت، بەڵام من تەواو دڵنیا نیم... زۆر سەرنجڕاکێشە ببینین کە لە چ بڕگەیەکی [مێژوویی] بەدواوە، فەیلەسووفەکان هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەکانەوە هەتا شتێك بڵێن کە لەلایەنی فەلسەفییەوە بۆ ئەوان سەرنجڕاکێش بوو، لەگەڵ ئەمەشدا [فەیلەسووف] دەچووە ناو پەیوەندییەك لەگەڵ هەموو خەڵکی کە بە گشتی ئەم پەیوەندییە کاریگەرییەکانی بانگهێشتێکی هەبوو. و سەرەنجام ئەم خاڵە ڕوونکەرەوەیە کە لەم دەقەدا دەربارەی **ڕۆشنگەری**، کانت بە وردیی ئایین، ماف و ناسین وەك نموونەگەلێك دەهێنێتەوە [کە ڕۆڵیان هەبووە] لە هێشتنەوەی مرۆڤایەتی لە دۆخی پێنەگەیشتوویدا و دواجار نموونەگەلێك لە پنتگەلێك کە **ڕۆشنگەری** دەبێت ئەم بارودۆخەی پێنەگەیشتوویی لەناو ببات و بە جۆرێك مرۆڤەکان بگەیێنێتە پێگەیشتوویی. ئەوەی کە کانت بە **ڕۆشنگەری** ناوی دەبات، بەڕاستی هەمان شتێکە کە من کەمێك پێشتر هەوڵمدا بە ڕەخنە ناوی بنێم، ئەو ئیتۆسە ڕەخنەییە کە بینیمان دەرکەوتنی وەك ئیتۆسێکی تایبەت بە ڕۆژئاوا دەستپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە بە باوەڕی من، لەلایەنی مێژووییەوە پرۆسێسی گەورەی حکومەتمەندسازیی کۆمەڵگە

بوو. لە پێوەند لەگەڵ ئەم **ڕۆشنگەری**یەدا (کە درووشمەکەی وەك چۆن هەمووتان دەیزانن و کانتیش بەبیرمان دەهێنێتەوە، «sapere aude» [بوێر بە و بزانە]یە و ئەڵبەتە لەگەڵ ئەو دەنگەی تردا، دەنگی فریدریکی دووەم کە بە پێچەوانەی ئەوەوە دەڵێت: «هەرچەندە دەیانەوێت با بیر بکەنەوە، بەمەرجێك گوێڕاڵ بن»)، لە پێوەند لەگەڵ ئەم **ڕۆشنگەری**یەدا، کانت چۆن پێناسەی ڕەخنە دەکات؟ یاخود لەوێدا کە بانگەشەی ئەوە ناکەم پڕۆژەی ڕەخنەی کانتیم لە وردبینییە فەلسەفییەکەیدا کردبێتە هیی خۆم و ڕێگە بە خۆم نادەم کە لە بەرامبەر ئەم جۆرە بیسەرانەی فەیلەسووفێکدا کارێکی وەها بکەم، چون خۆم فەیلەسووف نیم و بەئەستەم یەك ڕەخنەگرم... هەر چۆنێك بێت، چۆن دەتوانرێت لە پێوەند لەگەڵ ئەم **ڕۆشنگەری**یەدا، ڕەخنە لە مانای تەواوی وشەدا جێ بکرێتەوە؟ ئەگەر بەڕاستی کانت هەموو ئەم بزووتنەوەیەی ڕەخنە کە دەکەوێتە پێش **ڕۆشنگەری**، بانگهێشت دەکات، [ئەوا] چۆن شوێنێك بۆ ئەو شتە دەکاتەوە کە لە ڕەخنە مەبەستییەتی؟ هەرچەندەتەواو منداڵانەیە، بەڵام دەبێت بڵێم لە ڕوانگەی کانتدا، ڕەخنە لە پێوەند لەگەڵ **ڕۆشنگەری**، ئەو شتەیە کە کانت بە مەعریفە یا زانین [knowledge] ناوی دەهێنێت: بەڕاستی دەزانیت تا چ شوێنێك دەتوانی بزانی؟ هەرچەندە دەتەوێت بەڵگە بهێنەرەوە، بەڵام بەڕاستی دەزانیت کە تا کوێ دەتوانی بەبێ مەترسی، بەڵگە بهێنیتەوە؟ بەگشتی، ڕەخنە دەڵێت کە ئازادیمان کەمتر لە هەنگاوی کەم تا زۆر بوێرانەی ئێمەدا و زیاتر لە ئایدیایەکدایە کە بە هۆی ناسینمان و سنوورەکانییەوە دەیخوڵقێنین، و دواجار لەجیاتیی ئەوەی کە بهێڵین ئەویترێك پێمان بڵێت کە **«گوێڕایەڵ بن»**، لە هەمان ئەو کاتەدا کە، ئایدیایەکی درووست بەهۆی ناسینمانەوە درووست دەکەین، دەتوانین پرەنسیپی سەربەخۆیی [autonomy] بدۆزینەوە و ئیتر نابێت

**گوێڕایەڵ بن** ببیستین؛ یا بە دەربڕینێکی وردتر، **گوێڕایەڵ بن** بەپێی پرەنسیپی خودی سەربەخۆیی دادەمەزرێت.

من هەوڵ نادەم دژیەکییەك نیشان بدەم کە لای کانت، لە نێوان شیکارکردنی **ڕۆشنگەری** و پرۆژەی ڕەخنەدا هەیە. بە باوەڕی من سادەیە نیشانی بدەین کە بۆ خودی کانت، ئەم بوێرییە ڕاستەقینەیەی زانین کە **ڕۆشنگەری** پشتی پێ دەبەستێت، خودی ئەم بوێرییەی زانینە بریتییە لە ناسینەوە و پەسەندکردنی سنوورەکانی ناسین؛ سادەیشە نیشانی بدەین کە بۆ کانت، سەربەخۆیی هیچ دژیەکییەکی لەگەڵ گوێڕایەڵی لە فەرمانڕەوایان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، کانت لە پرۆژەکەیدا ناسینەوەی ناسین گرێ دەدات بە هەوڵی ڕەخنەوە بۆ لە ملپێکەچخستنی سوژە لە پێوەند بە گەمەی دەسەڵات و هەقیقەتەوە، و [ڕەخنە] وەك ئەرکێکی بنەڕەتی و پێشەکییەك بۆ هەر ڕۆشنگەرییەکی **هەنووکەیی** و داهاتوو.

***

نامەوێت لەمە زیاتر جەخت لەسەر دەلالەتەکانی ئەم جۆرە مەودایەی نێوان **ڕۆشنگەری** و ڕەخنە بکەم کە کانت دەیویست نیشانی بدات. من تەنها دەمەوێت جەخت لەسەر ئەم لایەنە مێژووییەی گرفتەکە بکەمەوە کە ئاماژە بەو شتە دەکات کە چی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویدا. مێژووی سەدەی نۆزدەهەم پەناگەگەلێکی بۆ بەردەوامی کردەی ڕەخنە خستەڕوو کە زۆر زیاتر بوون لەوەی کە بۆ شتێکی وەك خودی **ڕۆشنگەری** خستنییەڕوو، وەك چۆن کانت ڕەخنەی لە جۆرێك مەوداگیریی لە **ڕۆشنگەری** جێ کردبووەوە. بە دەربڕینێکی تر، وا دەردەکەوێت مێژووی سەدەی نۆزدەهەم- و بە دڵنیاییەوە تەنانەت زۆر زیاتر، سەدەی بیستەم- ئەگەر هەق نەبەخشێتە کانت، بە لایەنی

کەمەوە دەبێت پەناگەیەکی ڕاستەقینە ببەخشێتە ئەم ئیتۆسە تازەیەی ڕەخنە، ئەم ئیتۆسەیەی ڕەخنە لە پاشەکشەکردن سەبارەت بە **ڕۆشنگەری**، ئیتۆسێك کە کانت پێشتر دەرفەتی بۆ ڕەخساندبوو.

ئەم پەناگە مێژووییە کە پێدەچێت ڕەخنەی کانتی زۆر زیاتر لە بوێریی **ڕۆشنگەری**، سوودی لێ بینیبێت، تەنها ئەم سێ تایبەتمەندییە بنەڕەتییە بوو: یەکەم، یەك زانستی پۆزەتیڤ، واتە زانستێك کە لە بنچینەدا پشت بە خۆی دەبەستێت، هەرچەندە ڕەخنەیەکی ورد بێت سەبارەت بە هەریەکە لە ئەنجامەکانی؛ دووەم، گەشەی یەك دەوڵەت یا یەك سیستەمی دەوڵەتی کە خۆی وەك عەقڵ و عەقڵانییەتی قووڵی مێژوویی پێشکەش کرد و لە لایەکی ترەوە، ڕێوشوێنەکانی عەقڵانی کردنی ئابووری و کۆمەڵگەی وەك ئامرازە تایبەتییەکانی خۆی هەڵبژارد؛ و هەر لەم شوێنەدا و لە پنتی پێکگەیشتنی پۆزەتیڤیزمی زانستی و گەشەی دەوڵەتەکان، تایبەتمەندیی سێیەم دەبینرێت کە بریتییە لە زانستی دەوڵەت یاخود دەوڵەتگەرایی[17]. لە نێوان ئەم سێ تایبەتمەندییەدا، شیرازەیەکی تەواو لە پەیوەندییە چڕەکان چنرا تا ئەو شوێنەی کە زانست زیاتر لە ڕابردوو ڕۆڵێکی گەورەی دەستنیشانکەری بینی لە گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان؛ و لەلایەکی ترەوە، تا ئەو شوێنەی کە دەسەڵاتگەلێك لە جۆری دەسەڵاتی دەوڵەتی زیاتر لە ڕابردوو لە ڕێگەی کۆیەك لە تەکنیکە گونجاوەکانەوە پیادە کران. لەم ڕووەوەیە کە ئەم ڕاستییەی کە پرسیاری ١٧٨٤، واتە پرسیاری **ڕۆشنگەری چییە؟**، یا بە دەربڕینێکی وردتر، ڕێگەیەك کە کانت هەوڵ دەدات پڕۆژە ڕەخنەییەکەی لە پێوەند بەم پرسیارەوە و ئەو وەڵامەی کە دەیداتەوە، جێ بکاتەوە، ئەم پرسیارکردنەی دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان **ڕۆشنگەری** و **ڕەخنە** بە چەشنێك کە شیاوی پەسەنکردن بێت، بیچمی یەك گومان، یا

[17]:étatisme/statism

هەرچۆنێك بێت، بیچمی یەك پرسیاری زیاتر و زیاتر گوماناوی بەخۆوە گرت: خودی ئەم عەقڵە لەلایەنی مێژووییەوە بەرپرسی کام یەك لە زیادەڕەوییەکانی دەسەڵات و کام یەك لە شێوازەکانی حکومەتمەندسازییەك نییە کە هەرچەندە پاساوی عاقڵانی بۆ بهێنرێتەوە، هێشتاکە دەرفەتی خۆلێلادانی نییە [و خۆی دەدزێتەوە لە بەرپرسیارێتی]؟

بەڵام پێموایە گۆڕان و وەرچەرخانی ئەم پرسیارە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بە تەواوەتی وەکیەك نەبووە، ئەمهش لەبەر هۆکارگەلێکی مێژووییە کە دەبێت شیکاریان بۆ بکرێت، چون هۆکاری ئاڵۆز و تێکچڕژاون.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانرێت بگوترێ کە ڕەنگە گەشەی دەوڵەتی چاك، تەواو نوێ و عەقڵانی لە ئەڵمانیا کەمتر لەو هۆگرییە پڕپێشینەیەی زانکۆکان بۆ [Wissenschaft زانست] و بۆ بونیادە کارگێڕیی و دەوڵەتییەکان بووە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم گومانەی کە شتێك لە عەقڵانییەت و تەنانەت لە خودی عەقڵدا هەیە کە بەرپرسی زیادەڕەویی دەسەڵاتە؛ وای بۆ دەچم کە ئەم گومانە بەتایبەت لە ئەڵمانیادا گەشەی کرد و ئەگەر بمانەوێت بەکورتی قسە بکەین، بەتایبەت لەو شتەدا گەشەی کرد کە دەتوانرێت بە چەپی ئەڵمانیا ناو بنرێت. هەرچۆنێك بێت، لە چەپی هیگڵییەوە تا قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕەخنەیەکی تەواو لە پۆزەتیڤیزم، ئۆبجێکتیڤیزم[18]، عەقڵانیکردن[19]، تەخنە[techné] و تەکنیکیکردن[20] هەبووە؛ ڕەخنەیەکی تەواو لە پەیوەندییەکانی نێوان پرۆژەی بنەڕەتیی زانست و پرۆژەی بنەڕەتیی تەکنیك کە ئامانجی ئەم

[18]. objectivism

[19]. rationalization

[20]. techinicisation/technicalization

ڕەخنەیە ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوان خۆپەسەندیی ساویلکانەی زانست بوو لەلایەك و فۆرمەکانی باڵادەستیی تایبەتی فۆرمی هاوچەرخی کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە. ئەگەر کەسێك وەك نموونە بهێنینەوە کە بێگومان دوورترین کەس بوو لە ئاستئەوەی کە دەتوانرێت بە ڕەخنەی چەپ ناو بنرێت، نابێت فەرامۆشی بکەین کە هۆسرڵ لە ساڵی ١٩٣٦، قەیرانی هاوچەرخی مرۆڤایەتیی ئەوروپایی گەڕاندەوە بۆ شتێك کە تێیدا پرسیاری پەیوەندییەکانی ناسین و تەکنیك، پەیوەندییەکانی **ئیپستیمە** و **تەخنە** لەئارادا بوو.

لە فەرەنسا، هەلومەرجەکانی پیادەکردنی فەلسەفە و تێڕامانی سیاسی زۆر جیاواز بوو، و لەبەر ئەوە پێناچێت ڕەخنەی عەقڵی دەماربەرز و کاریگەرییە تایبەتەکانی دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی یەکسان بەرەو پێش بردرابێت. و پێموایە و بە دڵنیاییەوە دەبێت لە جۆرێك ئەندێشەی ڕاستدا بێت کە دەتوانین بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم ئەم تۆمەتبارکردنە مێژووییەی عەقڵ یا عەقڵانیکردن لەژێر ناوی کاریگەرییەکانی ئەو دەسەڵاتەدا ببینین کە عەقڵ هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. هەرچۆنێك بێت، ئەو بەرەیەی کە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و شۆڕش پێکیان هێنا، بێگومان بەشێوەیەکی گشتی بووە ڕێگری ئەوەی کە ئەم پەیوەندییەی نێوان عەقڵانیکردن و دەسەڵات بەشێوەی واقیعی و قووڵ سەرلەنوێ بخرێتە ژێر پرسیارەوە؛ و دەشێت ئەم ڕاستییەش کە بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین، واتە ئەوەی کە بە باوەڕی من، لە ڕیشە قووڵەکانیدا، یەکەمین بزووتنەوەی ڕەخنەیە وەك هونەری بەڕێوەنەبردران، لە فەرەنسادا خاوەنی ئەو گەشە و سەرکەوتنە نەبوو کە لە ئەڵمانیادا هەیبوو، بێگومان بووە هۆکاری ئەوەی کە لە فەرەنسادا، ئەم گریمانەیەی **ڕۆشنگەری** لەگەڵ تەواوی ئەو گرفتانەی کە دەیخستنەڕوو، ئاماژە و گرنگییەکی بە هەمان ئەندازەی [ئەڵمانیای]

نەبێت، و سەرەڕای ئەمەش، ئەم گریمانەیە هەرگیز نەگۆڕرا بۆ مەرجەعێکی مێژوویی بە هەمان سەرکەوتن و پانتاییەك کە لە ئەڵمانیادا هەیبوو. دەبێت بڵێم کە لە فەڕەنسادا، تەنها بایەخ بە ڕەهەندی سیاسیی فەیلەسووفەکان درا، لە هەمان کاتدا ئەندێشەی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری وەك برگەیەکی مێژوویی کەم بایەخ لە مێژووی فەلسەفەدا لە برەو خرا. بەپێچەوانەوە لە ئەڵمانیادا، ئەوەی کە لە [Aufklarung ڕۆشنگەری] دەرك دەکرا، چاك یا خراپ، خاوەنی گرنگییەکی کەم بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە بە برگەیەکی مێژوویی گرنگ دادەنرا، جۆرێك مانیفێستی درەوشاوەی چارەنووسی عەقڵی ڕۆژئاوایی. لە **ڕۆشنگەری** و لە تەواوی ئەم **سەردەم**ەدا کە بەگشتی لە سەدەی شانزەیەمەوە تا هەژدەیەم وەك مەرجەعی گریمانەی **ڕۆشنگەری** بوو، هەوڵێك هەبوو بۆ ڕەمزشکێنی و ناسینەوەی دیارترین هێڵی ویستی عەقڵی ڕۆژئاوایی، لە کاتێکدا کە سیاسەت کە ئەم ویستە پەیوەست بوو پێیەوە، بووە بابەتی توێژینەوەیەکی پڕ لە گومان. بەشێوەیەکی گشتی، بەم جۆرەیە درزێکی قووڵ کە تایبەتمەندیی شێوەی گەلاڵەی گرفتی **ڕۆشنگەری** لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرتاسەری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، نیشان دەدات.

لەگەڵ ئەمەشدا، پێموایە بارودۆخ لە فەڕەنسا لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا گۆڕاوە؛ و لە ڕاستیدا، وای دەبینم لە فەڕەنسادا دەگەینە سەردەمێك کە لە دەستپێکردنەوەی ئەم پرسەی **ڕۆشنگەری**دا (وەك چۆن بۆ ئەندێشەی ئەڵمانی لە مێندلسۆن و کانتەوە هەتا هیگڵ، نیتشە، هۆسرڵ، قوتابخانەی فرانکفۆرت و کەسانی تردا زۆر گرنگ بوو) بە وردیی لە نزیکییەکی تا ڕادەیەک ماناداردا لەگەڵ کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ڕەخسا. هەروەها دەبێت بەکورتی بڵێم- و ئەمە مایەی سەرسوڕمان نییە- کە ئەوە دیاردەناسی و گرفتگەلە تەرحکراوەکانی

دیاردەناسی بوو کە ئێمەی گەڕاندەوە بۆ پرسیاری **ڕۆشنگەری** چییە. ئەم پرسیارە لە ڕاستیدا بەرمەبنای پرسیار لە مانا و پرسیار لەوەی کە دەتوانێت مانا بخوڵقێنێت، بەرەو ئێمە گەڕایەوە. **چۆن دەکرێت کە مانا لە بێماناوە بخوڵقێت؟ [«چۆن مانا لە پرسی بێماناوە پەیدا دەبێت؟»] ؟ چۆن مانا دەرسکێت و پەیدا دەبێت؟** پرسیارێك کە بەباشی دەبینین تەواکەری ئەم پرسیارەی ترە: چۆن دەکرێت کە بزووتنەوەی گەورەی عەقڵانیکردن ئێمەی بەرەو ئەم هەموو جەنجاڵییە، ئەم هەموو شێتییە، ئەم هەموو بێدەنگی و میکانیزمە غەمزوێنە ئاراستە کرد؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نابێت ئەوە لەبیر کەین کە ***هێلنج***[ی سارتەر] تا ڕادەیەک هاوچەرخی ***قەیران[ی زانستی ئەوروپایی*** هۆسرڵ] بوو. و لە دوای جەنگ، بەپێی بنەمای ئەم شیکارکردنە، واتە ئەمەی کە مانا تەنها دروستکراوی سیستەمە ناچارەکییەکانی ماشێنی ئاماژەکارە [دال]، لەسەر بناغەی شیکارکردنی ئەمەی کە مانا تەنها بە پێی کاریگەرییە ناچارەکییە تایبەتەکانی بونیادەکان بوونی هەیە، بە کورتی بەپێی ئەم هەقیقەتەیە کە وای بۆ دەچم بە هۆی قەدبڕییەکی سەیرەوە، پرسی ***[عەقڵratio]*** و ***دەسەڵات*** دووبارە دەرکەوتەوە. هەروەها پێموایە (و بێگومان دەبێت لەم بابەتەدا توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێت) کە شیکارییەکانی مێژووی زانست، تەواوی گرفتسازیی[21] مێژووی زانستەکان (کە بێگومان ئەم گرفتەش ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەو دیاردەناسییەی کە لە فەڕەنسا لە ڕێگەی هەریەك لە کاڤایە، باشلار، کانگلیم، بەدوای مێژوویەکی تەواو جیاوازدا دەگەڕا)، و گرفتی مێژوویی مێژوومەندیی[22] زانستەکان هەندێك هاوشێوەیی و پەیوەندی لەگەڵ گرفتی دروستکردنی ماناداا هەیە و تا ڕادەیەك دەینوێنێتەوە: چۆن ئەم عەقڵانییەتە لە شتێکی تەواو جیاوازەوە لەدایك

[21]. problematization

[22]. historicity

بوو و شکڵی گرت؟ بەم چەشنەیە پێچەوانە و قڵپکراوەی گرفتی **ڕۆشنگەری**: چۆن عەقڵانیکردن بەرەو شێتیی دەسەڵات ڕێنمایی دەکرێت؟

بەرمەبنای ئەمە، چ ئەمە توێژینەوەگەلێك بێت دەربارەی پێکهاتنی مانا لەگەڵ ئەم دۆزینەوەی کە مانا تەنها پێکهێنراوی بونیادە ناچارەکییەکانی داله، چ شیکارگەلێك ئەنجام درابێت دەربارەی عەقڵانییەتی زانستی لەگەڵ ئەو کاریگەرییە پابەندکەرانەی کە گرێدراون بە دامەزراوەیی کردنی ئەم عەقڵانییەتە و بە درووستکردنی مۆدێلەکانەوە، هەرچۆنێك بێت وای بۆ دەچم هەموو ئەمانە، هەموو ئەم توێژینەوە مێژوویيانە وەك تیشکێك بوون لە ڕووناکی بەرەبەیانێکەوە و لە ڕێگەی جۆرێك کڵاوڕۆژنەی ئەکادیمییەوە، سازگار بوون لەگەڵ تێکڕای بزووتنەوەی بنچینەیی مێژوومان لە سەدەیەك پێش بەملاوە. چون بە پێداگیری ئەم بانگەشەیەی کە[دەڵێت] پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یا ئابووریی ئێمە هیچ عەقڵانییەتێکی تێدا نییە، هەرچۆنێك بێت بە دڵنیاییەوە- نازانم ئەم قسەیە زۆر ئاقڵانەیە یا بە ئەندازەی تەواو ئاقڵانە نییە-ڕووبەڕووی زیادەڕەویی دەسەڵات بووینەوە؛ بە گوشاری بیستنی ستایشکردنی بەڵێنەکانی شۆڕش[ی فەرەنسا]- نازانم لەوێدا کە ئەم شۆڕشە ڕوویدا، باش بوو یا خراپ- ڕووبەڕووی نەجووڵاویی دەسەڵاتێك بووینەوە کە بەشێوەیەکی ناسنووردار خۆی دەپاراست؛ و بە گوشاری بیستنی داخوازی دژبەیەکیی نێوان ئایدیۆلۆژیاکانی توندووتیژیی و تیۆرییەکی بەڕاستی زانستی دەربارەی کۆمەڵگە، پرۆلیتاریا و مێژوو، ڕووبەڕووی دوو فۆرم لە دەسەڵات بووینەوە کە وەك دوو برا هاوشێوەی یەکن: فاشیزم و ستالینیزم. لە کۆتاییدا پرسیاری **ڕۆشنگەری چییە؟** دووبارە دەگەڕێتەوە. و بەم شێوەیە، زنجیرەیەك گرفت کە ناسێنەری شیکارییەکانی ماکس ڤێبەر بوو، دووبارە گەڵاڵە کرایەوە: ئێمە چ

پەیوەندییەکمان هەیە بەم عەقڵانییەتەوە کە دەتوانرێت بگوترێت نەك تەنها تایبەتمەندیی ئەندێشە و زانستی ڕۆژئاواییە لە سەدەی شانزەیەم بە دواوە، بەڵکە هەروەها تایبەتمەندیی بەرچاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان، کردارە ئابوورییەکان و دەشێت تەنانەت ڕەفتاری تاکەکان بێت؟ پەیوەندیی ئێمە چییە بەم عەقڵانییەتەوە لە کاریگەرییە پابەندکارەکانیدا و دەشێت لە کاریگەرییە لەناوبەرەکانیدا، کاریگەرییەکانی سەقامگیرییەکی هەمەلایەن و ڕوو لە گەشەی یەك سیستەمی بەرینتری زانستی و تەکنیکی؛ سەقامگیرییەك کە هەرگیز بە شێوەیەکی ڕیشەیی نەخراوەتە ژێر پرسیارەوە؟

دەتوانین لە چەندین ڕێگەوە نزیك بکەوینەوە لە گرفتی **ڕۆشنگەری چییە؟** کە بەڕاستی ناچارین لە فەرەنسا دووبارە لە ئەستۆی بگرینەوە. و ئەو ڕێگەیەی کە دەمەوێت لێیەوە نزیك بکەومەوە لەم گرفتە، بە هیچ شێوەیەك- و دەمەوێت باوەڕ بە وتەکەم بکەن-لە عەقڵییەتێکی مشتومڕکارەوە[polemical] یا ڕەخنەییەوە نەخشەی ناکێشم. لە کۆتاییدا، دوو هۆکار وام لێ دەکات کە من بە شوێن هیچ شتێکی تردا نەگەڕێم جگە لە نیشاندانی جیاوازییەکان و بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵوەدای بینینی ئەوە بم کە هەتا کوێ دەتوانرێت فۆرمەکانی شیکارکردنی ئەم گرفتەی **ڕۆشنگەری** پەرەیان پێ بدرێت، تەشەنەیان پێ بکرێت، زۆرتر بکرێن، لە یەکتر جیا بکرێنەوە، و تەنانەت لە شوێنی خۆیان بکرێتە دەرەوە، گرفتێك کە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەشێت گرفتی فەلسەفەی مۆدێرن بێت.

بە نزیکبوونەوە لەم گرفتە کە ئێمە دەکاتە هاوڕێی قوتابخانەی فرانکفۆرت، دەمەوێت دەستبەجێ نیشانی بدەم کە هەرچۆنێك بێت گۆڕینی **ڕۆشنگەری** بۆ پرسیاری سێنتراڵی بە دڵنیاییەوە بە مانای ژمارەیەك لە شتەکان دێت. یەکەم بەم مانایەیە کە دەرگیری کردارێك دەبین کە

دەتوانرێت بە کرداری مێژوویی-فەلسەفی[23] ناو بنرێت و ئەم کردارەش هیچ پەیوەندییەکی بە فەلسەفەی مێژوو و مێژووی فەلسەفەوە نییە؛ کرداری مێژوویی- فەلسەفی و مەبەستم لەم خاڵە ئەوەیە کە یەك پانتایی ئەزموون کە ئەم کارە فەلسەفییە بۆی دەگەڕێتەوە، بە هیچ شێوەیەك هیچ پانتاییەکی تر ناسڕێتەوە. ئەم کردارە ئەزموونی ناوەکی نییە، بونیادە بنەڕەتییەکانی ناسینی زانستی نییە، کۆیەك لە ناوەڕۆکە مێژووییە ڕێکخراوەکانیش نییە لە شوێنێکی تردا کە مێژوونووسەکان ئامادەیان کردبن و وەك فاکتە ئامادە و بەردەستەکان پەسەند کرابن. لە ڕاستیدا، لەم کردارە مێژوویی-فەلسەفییەدا، دەبێت مێژووی تایبەتی خۆمان بخولقێنین، و وەك بڵێی بە هۆی خەیاڵگەوە، مێژوویەك شکڵ دەگرێت کە پرسیاری پەیوەندییەکانی نێوان بونیادەکانی عەقڵانییەت کە گوتاری ڕاستەقینە و میکانیزمەکانی ملکەچپێکردنی سوژەی گرێدراو بەم گوتارەوە، جومگەبەندیی دەکەن، ئەم مێژووە دەتەنێت، پرسیارێك کە بەڕاستی دەبینین بۆ مێژوونووسەکان بابەتە مێژووییە ئاسایی و ناسراوەکان جێگۆڕکێ پێدەکات بە ئاڕاستەی گرفتی سوژە و هەقیقەت کە مێژوونووسەکان هیچ گرنگییەکی پێنادەن. هەروەها دەبینین کە ئەم پرسیارە کاری فلسەفی، ئەندێشەی فەلسەفی و شیکاریی فەلسەفی لەناو کۆمەڵێك ناوەڕۆکی ئەزموونیدا بەکار دەخات، ناوەڕۆکگەلێك کە بەوردیی ئەم پرسیارە دەستنیشانیان دەکات. بەرمەبنای ئەمە مێژوونووسەکان لە بەرامبەر ئەم کارە مێژوویی یا فەلسەفییەدا دەڵێن: «بەڵێ، بەڵێ، ئەڵبەتە دەشێت»، هەرچۆنێك بێت، ئەم کارە هەرگیز بەتەواوەتی بەم شێوەیە نییە، ئەوەی کە ئەنجامی شێواویی سەرچاوەگرتوو لەم جێگۆڕکێیەی شوێنی هەقیقەت و سوژەوەیە کە پێشتر قسەم لەبارەوە کرد. و فەیلەسووفەکانیش تەنانەت ئەگەر ڕواڵەتی باڵندەیەکی شاخداری

23. historical-philosophical practice

ئابڕووبردراو بەخۆوە نەگرن، بەگشتی وا بیر دەکەنەوە کە «لەگەڵ ئەمەشدا، فەلسەفە بەتەواوەتی شتێکی ترە»، چون ئەمە لە کاریگەریی کەوتنەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم گەڕانەوەیەدا بۆ یەك ئەزموونمەندیی[24] کە تەنانەت ئەزموونی **ناوەکی**ش مسۆگەری ناکات، سەرچاوە دەگرێت.

با ئەم هەموو گرنگییە بدەین بەو دەنگە ناوچەیی و پاڵەکیانەی کە خودی خۆیان هەیانە، و لە ڕاستیدا ئەم گرنگییە زۆرە. ئەم دەنگانە بە لایەنی کەمەوە بە چەشنێکی نەرێنی نیشانەی ئەوەن کە ئێمە لە ڕێگەیەکی ڕاستدا هەنگاو دەنێین، واتە لە ڕێگەی ناوەڕۆکگەلێکی مێژووییەوە کە ڕێکیان دەخەین و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە، چون ئەم ناوەڕۆکانە ڕاستەقینەن یا هاوبەهای پرسی ڕاستەقینەن، ئەم پرسیارە ئاڕاستە دەکەین کە: «کەواتە من چیم؟»، منێك کە پەیوەستم بەم مرۆڤایەتییەوە، دەشێت بەم کەمینەوە، بەم ساتەوە، بەم ساتەوە لە مرۆڤایەتی کە سوژە ملکەچی دەسەڵاتی هەقیقەتە بەشێوەیەکی گشتی و ملکەچی هەقیقەتەکانە بەشێوەیەکی تایبەت؟ لەسوژەخستن[25] لە پرسیاری فەلسەفیدا بە پەنابردن بۆ ناوەڕۆکی مێژوویی و ئازادکردنی ناوەڕۆکە مێژووییەکان بە پرسیارکردن دەربارەی کاریگەرییەکانی دەسەڵات، کۆمەڵێك کاریگەری کە ئەم هەقیقەتە کاریگەریان دەخاتە سەر بەپێی گریمانەی ئەم کاریگەریانە کە پەیوەستن بە هەقیقەتەوە، بە جۆرێك یەکەمین تایبەتمەندیی ئەم کردارە مێژوویی-فەلسەفییەیە. لە لایەکی ترەوە، ئەم کردارە مێژوویی-فەلسەفییە بە شێوەیەکی ئاشکرا پەیوەندییەکی ناوازەی هەیە لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە بەشێوەیەکی ئەزموونی شیاوی دەستنیشانکردنە: تەنانەت ئەگەر ئەم سەردەمە تا

---

[24]. empiricité/empiricity

[25].desubjectify

ڕادەیەک و بە ناچاری ناڕوون بێت، بەدڵنیاییەوە وەك ساتی شکڵگیریی مرۆڤایەتی مۆدێرن دەستنیشان دەکرێت، **ڕۆشنگەری** لە مانای فرەڕەهەندی وشەدا کە ئیمانوێل کانت، ماکس ڤێبەر و کەسانی تر وەك مەرجەعێك بۆی دەگەڕانەوە، سەردەمێك بەبێ مێژوودانانێکی دیاریکراو و بە ڕێگەگەلێکی چوونەژوورەوەی فرەئاڕاستە، چون دەتوانرێت [ڕۆشنگەری] هەم بە شکڵگیریی سەرمایەداری پێناسە بکرێت، هەم بە بونیاتنانی جیهانی بۆرژوازی، بە سەقامگیریی سیستەمە دەوڵەتییەکان، بە بناغەڕێژیی زانستی مۆدێرن لەگەڵ هەموو پەیوەستەییە تەکنیکییەکانی، و بە ڕێکخستنی ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان هونەری بەڕێوەبردن و هونەری تەواو زۆر بەڕێوەنەبردران. لە کۆتاییدا، سەردەمێکی بەڕاستی ناوازە بۆ کاری مێژوویی-فەلسەفی دەڕەخسێت، چون لەم سەردەمەدایە کە بە جۆرێك ئەم پەیوەندیانەی نێوان دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە کە دەبێت شیکار بکرێن، بە ڕووتی و لەسەر ئاستی گۆڕانکارییە بەرچاوەکان دەرکەوتن. بەڵام هەروەهاسەردەمێکی ناوازە لەم مانایەدا کە دەبێت مندالّدانێکی لێ پێك بهێنرێت بۆ هێڵی تێپەڕبوونی تەواوی زنجیرەی پانتاییە ڕەخساوەکانی تر. دەبێت بڵێین کە بە هۆی بە ناوازەزانینی سەدەی هەژدەیەم و ئەو خۆشەویستییە نییە کە بۆ ئەومان هەیە، کە ڕووبەڕووی گرفتی **ڕۆشنگەری** دەبینەوە؛ دەبێت بڵێم لەبەر ئەوەی کە دەمانەوێت لە بنەڕەتەوە گرفتی **ڕۆشنگەری چییە؟** گەڵاڵە بکەین، کەواتە ڕووبەڕووی نەخشەبەندیی مێژوویی مۆدێرنێتەمان دەبینەوە. گرفتەکە ئەمە نییە کە بڵێین یونانییەکانی سەدەی پێنجەم کەمێك وەك فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەیەمن یا سەدەی دوازدەهەم پێشوەخت جۆرێك ڕێنیسانس بوو، بەڵکە دەبێت هەوڵ بدەین ببینین کە لەژێر چ هەلومەرجێك و بە نرخی چ گۆڕانکارییەك یا چ گشتاندنێك، دەتوانرێت ئەم پرسیارەی **ڕۆشنگەری،** واتە پەیوەندییەکانی [نێوان]

دەسەڵاتەکان، هەقیقەت و سوژە سەبارەت بە هەر ساتێك لە مێژوو بەکار بهێنین.

بەم شێوەیەیە چوارچێوەی گشتیی ئەم پڕۆژەیە کە بە مێژوویی-فەلسەفی ناوی دەنێم. ئێستاکە دەبینین کە چۆن دەتوانرێت ئەم پڕۆژەیە بەرەو پێشەوە ببردرێت.

***

پێشتر وتم کە دەمەوێت بە هەر شێوەیەك بێت ڕێگە ڕەخساوەکانی تر بە چەنێکی زۆر ناڕوون نەخشە بکێشم، ڕێگەگەلێك جگە لەو ڕێگایانەی کە وای بۆ دەچم تا ئێستاکە بەگشتی کراونەتەوە. ئەمە بە هیچ شێوەیەك بە مانای ئەوە نییە کە ئەم ڕێگایانە تاوانبار بکەین بەوەی کە بە هیچ شوێنێك ناگەن یا هیچ ئەنجامێکی بایەخداریان نییە. تەنها دەمویست بڵێم و پێشنیار بکەم کە پێموایە لە کانت بەملاوە و بە هۆی کانتەوە و دەشێت بەهۆی ئەو درزەوە کە ئەو خستییە نێوان ڕۆشنگەری و ڕەخنەوە، ئەم پرسیارە لە**ڕۆشنگەری** لەبنەڕەتەوە لە چێوەی ناسیندا گەڵاڵە کراوە، واتە بە دەستپێکردن لەو شتەی کە چارەنووسی مێژوویی ناسین بوو لە ساتی بونیاتنانی زانستی مۆدێرندا؛ هەروەها واتە بە گەڕان بەدوای [ئاخێزگەی] ئەوەی کە لەم چارەنووسەدا پێشوەخت نیشانەی کاریگەرییە دیارینەکراوەکانی دەسەڵات بووە و ئەم چارەنووسە بە ناچاری لە ڕێگەی ئۆبجێکتیڤیزم، پۆزێتیڤیزم، تەکنیکگەرایی و هتد، پەیوەندیی لەگەڵ [کاریگەرییەکانی دەسەڵاتدا] هەبوو، بە ڕێکخستنی ئەم ناسینە لەگەڵ هەلومەرجەکانی بونیاتنان و ڕەوایەتیی هەر ناسینێکی شیاو، و سەرەنجام بە گەڕان بەدوای ئەمەدا کە چۆن لە مێژوودا، تێپەڕین بە بێ ڕەوایەتی (وەهم، هەڵە، فەرامۆشی، دۆزینەوە و هتد) جێبەجێ کراوە. لە یەك وتەدا، ئەمە میتۆدی شیکارییە کە بە ڕای من لە بنەڕەتەوە بە هۆی

ئەو درزەوە دەستی پێکرد کە کانت خستییە نێوان **ڕەخنە** و **ڕۆشنگەری**. پێم وایە لەم سەردەمە بەدواوە، میتۆدێکی شیکاریمان هەیە کە زۆربەی کات ڕێك خراوە و پەیڕەویی لێ کراوە، میتۆدێکی شیکاریی کە دەتوانرێت بە توێژینەوەیەك لە ڕەوایەتیی میتۆدە مێژوویەکانی ناسین ناو بنرێت. هەرچۆنێك بێت تێگەیشتنی ژمارەیەك لە فەیلەسووفەکانی سەدەی هەژدەیەم و هەروەها دێلتای، هابرماس و کەسانی تر لەم میتۆدە شیکارییە بەم جۆرەیە. بە مانایەکی زۆر سادەتر: ناسین چ ئایدیایەکی درۆزنی لە خۆی خولقاندووە و کەوتووتە بەردەم مەترسی چ بەکارهێنانێکی زیادەڕۆیانەوە و سەرەنجام پەیوەستە بە چ باڵادەستییەکەوە؟[26]

زۆر باشە! ئێستاکە لەجیاتیی ئەم میتۆدە کە شێوەی توێژینەوە دەربارەی ڕەوایەتیی فۆرمە مێژوویەکانی ناسین وەردەگرێت، ڕەنگە بتوانین میتۆدێکی جیاوازتر لەبەرچاو بگرین. ئەم میتۆدە بۆ چوونە ناو پرسیاری **ڕۆشنگەری**، دەتوانێت نەك پرسی ناسین، بەڵکە پرسی دەسەڵات لەبەرچاو بگرێت؛ ئەم میتۆدە نەك وەك توێژینەوە دەربارەی ڕەوایەتیی[«فۆرمە مێژووییەکانی ناسین»]، بەڵکە وەك شتێك کە دەمەوێت بە تاقیکردنەوەی ڕووداوسازیی[27] ناوی بنێم، پێش دەکەوێت. بمبەخشن لەبەر ترسناکی ئەم وشەیە! و زۆر باشە مانای ئەم وشەیە چییە؟ مەبەستی من لە میتۆدی ڕووداوسازیی (دەشێت مێژوونووسان لە تۆقیندا هاوار بکەن) ئەمەیە: یەکەم لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵەیەك لە توخمەکان کە لەم کۆمەڵانەدا دەتوانرێت لە ڕێکاری یەکەمدا و دواجار

[26]– لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئەم برگەیە بەم شێوەیە وەرگێڕدراوە: «زانین چ ئایدیایەکی هەڵەی لە خۆی خولقاندووە و بەرەوڕووی چ بەکارهێنانێکی زیادەڕۆیانە لە خۆی بووەتەوە و دواجار لەگەڵ چ باڵادەستییەکدا پەیوەندیی هەیە؟».

[27]. evénementialisation/eventualization

بەشێوەیەکی تەواو ئەزموونی و کاتی، چەند پەیوەندییەك لە نێوان میکانیزمەکانی ناچارکردن و ناوەڕۆکەکانی ناسین شوێندۆزیی و پێناسە بکرێت. میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی ناچارکردن و هەروەها دەشێت کۆمەڵەگەلێکی یاسادانەر، ڕێساکان، سیستەمەکانی ڕیزبەندییە مادییەکان، دیاردەکانی دەسەڵات و هتد؛ ناوەڕۆکەکانی ناسین کە بەشێوەی یەکسان لە جۆراوجۆریی و ناهاوچەشنیاندا لەبەرچاو دەگیرێن، و بە پێی ناوکۆیی کاریگەرییەکانی دەسەڵات کە ئەم ناوەڕۆکانە هەڵگری ئەوانن، ڕەچاو دەکرێن، لەم ڕوانگەشەوە وەك بەشێك لە سیستەمێکی ناسین بایەخیان وەرگرتووە. ***کەواتە ئەوەی کە دەدۆزرێتەوە و دەپشکێنرێت، ئەمە نییە کە بزانین چ شتێك ڕاستەقینەیە یا درۆ، شیاوە یا ناشیاوە، ڕاستەقینەیە یا وەهمی، زانستییە یا ئایدیۆلۆژیك، ڕەوایە یا نابەجێ. بەڵکە هەڵوەدای زانینی ئەوەین کە پەیوەندییەکان کامانەن، ئەو پەیوەندیانەی کە دەتوانرێت لە نێوان میکانیزمەکانی ناچارکردن و توخمەکانی ناسیندا بدۆزرێنەوە، کامانەن، و کامانەن گەمەکانی گەڕانەوە و پشتپێبەستن کە یەکتری گەشە پێدەدەن، شتێك کە دەبێتە هۆکار فڵان توخمی ناسین بتوانێت کاریگەرییە پرتێچوونەکانی دەسەڵات لە یەك سیستەمی هاوشێوە و خاوەن توخمی ڕاستەقینە یا گریمانەیی یا درۆزن یا نەزانراو بدۆزێتەوە، و شتێك کە دەبێتە هۆکار فڵان شێوازی ناچارکردن فۆرم و پاساودانەوە تایبەتەکانی یەك توخمی عەقڵانی، تاوتوێکراو، و لەلایەنی تەکنیکییەوە کارامە و هتد بەدەست بهێنێت.***

کەواتە لەم یەکەمین ئاستەدا، گرفتی دابەشکاریی ڕەوایەتی و دەستنیشانکردنی پنتەکانی هەڵە و وەهم لەئارادا نییە.

لەم ڕووەوە، پێموایە کە لەم ئاستەدا، دەتوانرێت سوود لە دوو وشە وەربگیرێت کە کارکردەکەیان ناولێنانی بوونەوەرەکان، هێزەکان puissances یا شتێکی وەك ترانسێندێنتاڵ نییە، بەڵکە تەنها ئەمەیە کە

لە ئاست ئەو پانتاییانەی کە ئەم دوو وشەیە وەك مەرجەع بۆیان دەگەڕێنەوە، یەك کورتکردنەوەی سیستماتیکی بەها ئەنجام بدەن، بە مانایەك یەك بەتاڵکردنەوەی کاریگەرییەکانی ڕەوایەتی و ئاشکراکردنی ئەو شتەی کە وا دەکات لە ساتێکی دیاریکراودا ئەم کاریگەریانە شیاوی پەسەندکردن بن و ببێتە هۆی ئەوەی کە بەڕاستی پەسەند بکرێن. یەکەم وشەی ***زانین savoir*** کە ئاماژە بە تەواوی میتۆدەکان و کۆی کاریگەرییەکانی ناسین دەکات کە لە ساتێکی دیاریکراو و لە پانتاییەکی دەستنیشانکراودا شیاوی پەسەند کردنن؛ و دووەم زاراوە ***دەسەڵات pouvoir*** کە تەنها زنجیرەیەکی کامڵ لە میکانیزمە تایبەتەکان، پێناسەکراو و دیاریکراوەکان دەگرێتەوە؛ میکانیزمگەلێك کە وا دەکەونە بەرچاو دەتوانن ڕەفتارەکان یا گوتارەکان بورووژێنن. دەستبەجێ دەبینین کە ئەم دوو زاراوەیە تەنها کارکردێکی میتۆدناسی[28]یان هەیە: بڕیار نییە کە لە ڕێگەی ئەم دوو زاراوەوە، پرەنسیپە گشتییەکانی واقیعییەت دەرك بکەین، بەڵکە بە جۆرێك دەستنیشانکردنی وردی هەرێمی شیکارکردن جێی مەبەستە، دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە توخمەی کە دەبێت بۆ شیکارکردن گونجاو بێت. بەم شێوەیە، دەبێت لە هەمان سەرەتاوە دوور بکەوینەوە لە ڕەچاوکردنی ڕوانگەی ڕەوایەتی، بەو چەشنەی کە زاراوەکانی ناسین یاخود باڵادەستی بەکاری دەهێنن. هەروەها لە هەر پنت و ساتێك لە شیکارکردن، دەبێت بتوانرێت ناوەڕۆکێکی ورد و دیاریکراو ببەخشرێتە ئەم دوو زاراوەیە [زانین و دەسەڵات]: فڵان توخمی زانین، فیسار میکانیزمی دەسەڵات؛ هەرگیز نابێت وا وێنا بکرێت کە یەك **زانین** یان یەك **دەسەڵات** هەیە، یا لەمەش زۆر خراپتر، **زانین** یا **دەسەڵاتێك** کە خۆبەخۆ و لەخۆیاندا کارتێکەر و کارامەن. زانین و دەسەڵات تەنها یەك تۆڕی شیکارکردنن. هەروەها دەبینین کە ئەم تۆڕە لە دوو دەستە لە توخمی بەیەك نامۆ

[28]- a methodological function

پێکنەهاتووە، لەلایەکەوە ئەوەی کە پەیوەستە بە زانینەوە و لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە- و بەو چەشنەی کە پێشتر گوتم، ئەوانە یەکتر دەکەنە دەرەکی[و هەریەکێکیان بۆ ئەویتر دەرەکییە]- ، چون ناتوانرێت شتێك وەك توخمێك لە زانین نیشان بدرێت، مەگەر ئەوەی کە لەلایەکەوە هاودەق بێت لەگەڵ کۆمەڵەیەك لە ڕێساکان و ناچارکردنە تایبەتمەندەکانی بۆ نموونە فڵان جۆر لە گوتاری زانستی لە قۆناغێکی دیاریکراودا؛ و مەگەر ئەوەی کە لەلایەکی ترەوە تەنها وەك هاندەرێك بێت یا خاوەنی کاریگەرییە ناچارەکییەکان، ئەو کاریگەرییە تایبەتانەی ئەو شتەی کە وەك ئۆبژەیەکی زانستی یا تەنها وەك ئۆبژەیەکی عەقڵانی یا بە تەنها پەسەندێتیی گشتی و هتد، بەهادارە. بە پێچەوانەوە، هیچ شتێك ناتوانێت وەك میکانیزمی دەسەڵات کار بکات، مەگەر ئەوەی کە هاودەقی میتۆدەکان، کەرەستەکان، ئامرازەکان و ئامانجگەلێك کە بتوانن لە سیستەمە کەم تا زۆر یەکپارچەکانی زانیندا بەهادار بن، سەقامگیر ببێت. کەواتە نابێت ئەوەی کە زانینە و ئەوەی کە دەسەڵاتە بناسێنرێت، و ئەمەی کە چۆن یەکێکیان ئەویتر سەرکوت دەکات یا ئەمەی کە چۆن یەکێکیان بە خراپ ئەویتریان بەکار دەهێنێت، بەڵکە دەبێت تۆڕێك لە زانین-دەسەڵات بناسێنرێت کە بوار دەدات ئەو شتەی کە پەسەندێتیی سیستەمێك پێك دەهێنێت، دەرك بکەین، چ ئەم سیستەمە سیستەمی نەخۆشیی دەروونی بێت، چ سیسەتمی سزایی، چ سیستەمی تاوانکاری، چ سیستەمی سێکسواڵیتە و هتد.

بەکورتی، وا دەکەوێتە بەرچاوم ئەگەر بمانەوێت لە بینراوێتیی ئەزموونیی یەك کۆمەڵەوە تا پەسەندێتیی مێژوویی ئەو کۆمەڵەیە ڕێگە تەیی بکەین، واتە تا هەمان قۆناغێك کە شیاوی بینینە، ئەوا ڕێگەکە لە ڕێڕەوی یەك شیکاریی تۆڕی زانین-دەسەڵاتەوە تێدەپەڕێت، تۆڕێك کە پاڵپشتی ئەم کۆمەڵەیە و ئەم کۆمەڵەیە دووبارە دەکاتە هیی خۆی، ئەویش بە

دەستپێکردن لەم ڕاستییەوە کە ئەم کۆمەڵەیە شیاوی پەسەندکردنە و ئەم کۆمەڵەیە ئەڵبەتە نەك بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکە تەنها لەو شوێنەدا کە شیاوی پەسەندکردنە، وای لێدەکات کە پەسەند بکرێت: ئەمە هەمان شتێکە کە دەتوانرێت وەك دووبارە بەهیی‌خۆکردن لە ***ئەرێنێتی***یەکەیدا[29] وەسف بکرێت. کەواتە جۆرێك میتۆدمان هەیە کە لە دەرەوەی کەڵکەڵەی ڕەوایەتییەوە و دواجار بە دوورکەوتنەوە لە دیدگای بنەڕەتیی یاسا، سووڕی **ئەرێنێتی** تێپەڕ دەکات، بە جووڵان لە واقیعییەتی پەسەندکردن تا سیستەمێکی پەسەندێتی کە بە تێپەڕبوون لە گەمەی زانین-دەسەڵات شیکار دەکرێت. دەبێت بڵێم کە ئاستی ***ئارکیۆلۆژیا [دێرینەناسی]*** تا ڕادەیەک لەم شوێنەدایە.

دووەم، ئەمەی کە دەبینین بە تێپەڕبوون لەم جۆرە شیکارکردنە، دەستبەجێ چەند مەترسییەك دەردەکەوێت کە ڕەنگە بە ئەنجامگەلێکی نەرێنی و پڕتێچووی ئەم جۆرە شیکارکردنە بکەونە بەرچاو.

ئەم **ئەرێنێتی**انە کۆمەڵەگەلێکن کە بەڵگەنەویست و سەرەتایی نین، واتە نەریت یاخود دارڕزاوییەك کە ئێمە هۆگری ئەم **ئەرێنێتی**انە دەکات، هەرچی بێت، هێزی کوێرکەری میکانیزمەکانی دەسەڵاتێك کە ئەم **ئەرێنێتی**انە بەکار دەهێنن، هەرچی بێت، یاخود چەند پاساودانەوەیەك کە ئەم **ئەرێنێتی**انە فەراهەم دەکەن، هەرچی بێت، مافێکی سەرەتایی و یەکەمین ئەم **ئەرێنێتی**انەی نەکردووەتە شیاوی پەسەندکردن؛ و بۆ تێگەیشتنی درووستی ئەوەی کە ئەم **ئەرێنێتی**انە وا لێ دەکات کە شیاوی پەسەندکردن بن، بە وردیی دەبێت ئەم خاڵە پشتڕاست بکەینەوە کە ئەم **ئەرێنێتی**انە بەڵگەنەویست نین، لە هیچ پێشئەزمونییەکدا جێیان نەگرتووە، و هیچ لە پێشتریەك ئەوان لەخۆ ناگرێت. دوو پرۆسێسی

[29] .positivity

هاوپەیوەست کە دەبێت ئەنجامیان بدەین، بریتین لە: ئاشکراکردنی هەلومەرجەکانی پەسەندێتیی یەك سیستەم و بەدواداچوونی هێڵەکانی دابڕانێك کە نیشانەی دەرکەوتنی ئەم سیستەمەن. ئەمەی کە شێتی و نەخۆشیی دەروونی لە سیستەمی دامەزراوەیی و زانستیی دەروونپزیشکیدا کەوتوونەتە سەر یەك، بە هیچ شێوەیەك ئاشکرا و بەڵگەنەویست نییە؛ ئەمەی کە شێوازە تەمبێکارەکان، جومگەکانی سزادان، زیندانیکردن و دیسپلین یا چاودێریی بەندیخانەیی لە یەك سیستەمی سزاییدا پێکەوە جومگەبەندیی کراون، ئاشکرا و بەڵگەنەویست نییە؛ ئەمەی کە ئارەزوو، شەهوەتپەرستی و ڕەفتاری سێکسیی تاکەکان دەبێت لە یەك سیستەمی زانین و نۆرماڵدا کە بە سێکسواڵیتە ناو دەنرێت، بە یەکتر جومگەبەندیی بکرێن، بەڵگەنەویست نییە. ناساندنی پەسەندێتیی یەك سیستەم جیاکراوە نییە لە ناساندنی ئەوەی کە پەسەندکردنەکەی دژوار دەکات: سروشتی سەرەڕۆیی[ئەم دژوارییە] لە چێوەی ناسیندا، توندوتیژییەکەی لە چێوەی دەسەڵاتدا، و بەکورتی وزە و ئینێرژییەکەی. کەواتە پێویستە بەرپرسیارێتیی ئەم بونیادە لە ئەستۆ بگرین تا چاکتر بکەوینە شوێن فێڵەکانی.

دووەم، ئەمەی کە [ئەم شیکارکردنە] پڕتێچوون و نەرێنییە، ئەمەیە کە ئەم چەند کۆمەڵەیە وەك پرسگەلێکی گەردوونی کە مێژوو بە دۆخە تایبەتییەکانی چەند گۆڕانێکیان تێدا بکات، شیکار ناکرێن. ئەڵبەتە دەشێت لە پشت زۆرێك لە توخمە پەسەندکراوەکانەوە و زۆرێك لە مەرجەکانی پەسەندێتییەوە، قۆناغێکی درێژخایەن بوونی هەبێت؛ بەڵام ئەوەی کە دەبێت لە شیکارکردنی ئەم **ئەرێنێتی**انە سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە، بە جۆرێك تاقانەیە پەتییەکانن، نەك بەخشینی بابەتمەندیی بە یەك جەوهەر یان بەخشینی تاکێتی بە یەك چەشن: تاقانەیی شێتیی لە جیهانی

مۆدێرنی ڕۆژئاوایی، تاقانەیی ڕەهای سێکسوالێتە، تاقانەیی ڕەهای سیستەمی یاسایی-ئەخلاقیی سزادانەکانی ئێمە.

بێگومان یەکێك لە گرنگترین و مشتومڕهەڵگرترین لایەنەکانی ئەم ئیتۆسە مێژوویی-فەلسەفییە ئەمەیە کە هیچ چارەسەرێکی بونیاتنەر و هیچ قوتاربوونێك بە شێوەیەکی پەتی بوونی نییە: ئەگەر ئەم ئیتۆسە نایەوێت بکەوێتە ناو فەلسەفەی مێژوو یاخود بخزێتە ناوشیکارییەکی مێژوویی، [ئەوا] دەبێت خۆی لەناو پانتایی ناونشینی تاقانەییە پەتییەکاندا بهێڵێتەوە. کەواتە چی؟ دابڕان، ناپەیوەستەیی، تاقانەیی، ناساندنی پەتی، تابلۆی نەجووڵاو، بەبێ ڕاڤە و بەبێ تێپەڕگە، ئێوە هەموو ئەمانە دەناسن. دەبێت بگوترێت کە شیکارکردنی ئەم**ئەرێنێتی**انە پەیوەست نییە بەو ڕێوشوێنە ڕوونکردنەوەییانەوە کە بە پێی سێ مەرج، بەهایەکی هۆکارییان بۆ دادەنێین:

1. تەنها بۆ ڕوونکردنەوەگەلێك بەهای هۆکاریی دادەنێین کە دواهەمین مەرجەع وەك ئامانج وەردەگرێت؛ مەرجەعێك کە وەك هۆکارێکی قووڵ و یەکتا بەهادارە؛ بۆ هەندێك ئابووریی و بۆ هەندێکی تر جەماوەرناسی[30]؛
2. تەنها بۆ ئەو شتە بەهای هۆکاریی دادەنێین کە پەیڕەویی دەکات لە بونیاتنانی شێوەهەرەمێك کە ڕووی لە هۆکار یا ناوەندی هۆکارییە، بەمانایەك ئاخێزگەیەکی یەکتای هەیە؛

[30]– ئەم خاڵە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بەم شێوەیە وەرگێڕدراوە: «تەنها بۆ ئەو ڕاڤانە بەهای هۆکاریی دادەنێین کە دواهەمین ئۆتۆریتە دەکاتە ئامانج؛ ئۆتۆریتەیەک کە وەک بریکارێکی قووڵ و بێهاوتا بەهای هەیە؛ [ئەم ئۆتۆریتەیە] بۆ هەندێک کەس ئابووریی و بۆ هەندێکی تر جەماوەرناسییە.»؛ مەبەست لە ئۆتۆریتە لەم بەستێنەدا ئاخێزگەیەکە کە ماف، ڕەوایەتی و پەسەندێتی بە ڕاڤەکان دەدات. (و. کوردی)

3. و سەرەنجام تەنها بۆ ئەو شتە بەهای هۆکاریی دادەنێین کە جۆرێك حەتمییەت، یا بە لایەنی کەمەوە ئەوەی کە نزیکە لە زەروورەت، ڕەنگڕێژ دەکات.

شیکارکردنی **ئەرێنێتی**ەکان تا ئەو ئاستەی کە تاقانەییە پەتییەکان مەبەستن، ئەو تاقانەییانەی کە نەك پەیوەستن بە یەك چەشن یاخود یەك جەوهەرەوە، بەڵکە گرێدراون بە مەرجە پەتییەکانی پەسەندێتییەوە، ئەم جۆرە شیکارکردنە پێویستی بەسەقامگیریی و گەشەی تۆڕێکی هۆکاریی ئاڵۆز و هاوکات چڕی تێکپەستراو هەیە، بەڵام بێگومان تۆڕێك لە جۆرێکی تر، تۆڕێکی هۆکاریی کە بەشێوەی سەرەتایی پەیڕەویی ناکات لە پێداویستی پەرەگرتنی یەك پرەنسیپی قووڵ و یەکتا و هەرەمساز و زەروورەت ساز. دەبێت تۆڕێك ڕەنگڕێژ بکرێت کە ئەم تاقانەییە وەك کاریگەرییەك ڕوون دەکاتەوە: هەر لێرەدایە زەروورەتی فرەیی پەیوەندییەکان، جیاوازیدانان لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییەکان، جیاوازیدانان لە نێوان فۆرمە جیاوازەکانی زەروورەتی زنجیرەکان، ڕەمزشکێنیی پەرچەکردارەکان و کردە بازنەییەکان و لەبەرچاوگرتنی پێکگەیشتنی پرۆسە ناهاوچەشنەکان. بەرمەبنای ئەمە لەم جۆرە شیکارکردنەدا هیچ شتێك زیاتر لە ڕەتکردنەوەی هۆکارێتیی نامۆ نییە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەمەیە کە لەم جۆرە شیکارکردنانەدا، گەڕاندنەوەی کۆمەڵەیەك لەو دیاردانەی کە لە یەك هۆکارەوە دارێژراون مەبەست نییە، بەڵکە بە دەرککراو[31]کردنی **ئەرێنێتی**یەکی تاقانە لە چێوەی ئەو شتەدا کە بە تاقانە درووستی دەکات، جێی مەبەستە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە بە پێچەوانەی ڕسکانێك کە ڕووی لە ئاڕاستەی یەکەی هۆکارێتییەکی سەرەتایی کردووە، هۆکارێتییەکی

---

[31]. intelligible

سەرەتایی کە ئاخنراوە بە وەچەگەلێکی بەرفرە، ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە **ڕەچەڵەکناسی**یە، واتە شتێك [میتۆدێك] کە هەوڵ دەدات هەلومەرجەکانی دەرکەوتنی یەك تاقانەیی بە پێی توخمگەلێکی بەرفرەی دەستنیشانکەر سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە، توخمگەلێك کە ئەم تاقانەییە نەك وەك بەرهەمی ئەوان، بەڵکە وەك کاریگەرییەکانیان دەردەکەوێت. کەواتە دەرککراوکردنی [ئەم تاقانەییە جێی مەبەستە]؛ بەڵام دەبێت بە ڕوونی ببینین کە ئەم دەرککراوکردنە [شیاوی تێگەیشتنکردن] بەپێی پرەنسیپی داخران کار ناکات. لێرەدا پرەنسیپی داخران لەبەر ژمارەیەك لە هۆکارەکان مەبەست نییە.

یەکەمین هۆکار ئەمەیە کە پەیوەندیگەلێك کە دەرفەت دەڕەخسێنن ئەم کاریگەرییەی تاقانە ڕوون بکەینەوە، ئەگەرچی نەك لە پەکپارچەییاندا، بە لایەنی کەمەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو، پەیوەندییەکانی پەرچەکردارەکانن لە نێوان تاکەکان یا گرووپەکاندا؛ بە دەربڕینێکی تر، ئەم پەیوەندیيانە سوژەکان، جۆری ڕەفتارەکان، بڕیاردان و هەڵبژاردنەکان لەخۆ دەگرن: لەناو سروشتی شتەکاندا نییە کە دەتوانرێت پاڵپشت [بۆ ئەم تۆڕەی پەیوەندییەکان] بدۆزرێتەوە، بەڵکە بناغەی ئەم تۆڕەی پەیوەندییە دەرککراوەکان لۆجیکی تایبەتی گەمەی پەرچەکردارەکانە لەگەڵ پەراوێزە هەمیشە گۆڕاوەکانی نامسۆگەرییەکەیدا.

هەروەها لێرەدا هیچ داخرانێك لەئارادا نییە، چون ئەم پەیوەندیيانە کە هەوڵ دەدەین دایانمەزرێنین تا تاقانەیی وەك کاریگەرییەك ڕوون بکەینەوە، ئەم تۆڕەی پەیوەندییەکان نابێت یەك نەخشەی یەکگرتوو پێك بهێنێت. ئەمە پەیوەندییەکانن کە لە ساتی جیابوونەوە و دابڕانی هەمیشەییدان لە یەکتر. لە ئاستێکی دیاریکراودا، لۆجیکی پەرچەکردارەکان لە نێوان تاکەکاندا گەمە دەکات، ئەو تاکانەی کە دەتوانن هەم ڕێساکانی [گەمەکە]و تایبەتمەندبوونەکەی بپارێزن، هەم

کاریگەرییە تاقانەکەی و هاوکات، پەرچەکردارگەلێك لەگەڵ توخمگەلێکی تردا پێك بهێنن کە لە ئاستێکی تردا دەبێتە گەمەیەك، بەشێوەیەك کە لە لایەنێکەوە، هیچ یەکێك لەم پەرچەکردارانە سەرەتایی یا بە شێوەیەکی ڕەها گشتێتی بەخش [totalizing] دەرناکەون. دەشێت هەر یەکێك لەم پەرچەکردارانە لە گەمەیەکدا جێ بگرێت کە ئاستەکەی تێپەڕێنێت؛ بە پێچەوانەشەوە، هیچ یەکێك لەم پەرچەکردارانە هەرچەندەش کە ناوچەیی بن، بە بێ کاریگەریی یا بە بێ ئەگەری کاریگەریی دانان لەسەر پەرچەکردارێك دەرناکەون؛ کە ئەم پەرچەکردارە بەشێکە لەم دووەمینە و لەخۆی دەگرێت. کەواتە بەکورتی، جووڵەی هەمیشەیی، ناجێگیریی جەوهەریی، یا بە دەربڕینێکی وردتر، تێکئاڵانێك لە نێوان ئەو شتەی کە هەمان پرۆسە نوێ دەکاتەوە و ئەو شتەی کە ئەم پرۆسەیە دەگۆڕێت. بەکورتی لێرەدا پێشبردنی تەواوی فۆرمی ئەو شیکارکردنانە جێی مەبەستە، کە دەتوانرێت بە **ستراتیژیك [strategics]** ناو بنرێت.

مەبەستی من لە دێرینەناسی، ستراتیژی و ڕەچەڵەکناسی سێ ئاستی دوابەدوایەك نییە کە بە دەستپێکردن و تێپەڕبوون لە یەکترەوە گەشە بکەن، بەڵکە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیی سێ ڕەهەندیی بە ناچار هاوکاتە لە یەك شیکاریی یەکگرتوودا؛ سێ ڕەهەندێك کە لە هاوکاتبوونیاندا، دەبێت ئەگەری دۆزینەوەی ئەوەی کە **ئەرێنێتی**یە، دابین بکەن، واتە چ هەلومەرجێك وا لە تاقانەییەك دەکات کە پەسەند بکرێت، تاقانەییەك کە ئەگەری تێگەیشتنەکەی بە ناساندنی پەرچەکردارەکان و بەو ستراتیژییانە پێکدێت کە ئەم تاقانەییە لەواندا هەڵدەوەشێتەوە و دەبێتە یەك. ئەم جۆرە توێژینەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی... (چەند ڕستەیەك لەکاتی تۆمارکردنی شریتەکەدا

نەماوە[32])... وەك کاریگەریی پەیدا دەبێت، و سەرەنجام ڕووداوسازیی بەم مانایەی کە سەروکاریمان لەگەڵ شتێکدا هەیە کە چەسپاوییەکەی، ڕیشە داکوتانی و بونیادەکەی هەرگیز بەو شێوەیە نییە کە ئەگەر نەتوانین پەرتەوازەیی [و دیارنەمانی] لەبەرچاو بگرین، بە لایەنی کەمەوە بە ڕێگەیەك بیناسێنین کە لەگەڵ چ شتێکدا و بەپێی چ شتێك پەرتەوازەیی [و دیارنەمانی] دەڕەخسێت.

کەمێك پێش ئێستا وتم لە جیاتیی گەڵاڵەکردنی گرفتەکە لە چێوەی ناسین و ڕەوایەتیدا، دەبێت پرسیارەکە لە ڕێگەی دەسەڵات و ڕووداوسازییەوە توێژینەوە بکەین. بەڵام وەك دەبینین، مەبەست ئەمە نییە کە دەسەڵات وەك هەژموون، باڵادەستی، بە ناونیشانی دراوێکی بنەڕەتی، پرەنسیپێکی یەکتا، ڕوونکردنەوە یا یاسایەکی تێنەپەڕێنراو[33] بەکار بهێنین؛ بە پێچەوانەوە، دەبێت دەسەڵات هەمیشە وەك پەیوەندیی لەناو پانتاییەك لە پەرچەکردارەکان لەبەرچاو بگرین، دەبێت دەسەڵات لەناو پەیوەندییەکی جیانەکراوە لە فۆرمەکانی زانین لەبەرچاو بگرین، و دەبێت دەسەڵات هەمیشە بەشێوەیەك لەبەرچاو بگرین کە هاوڕێ لەگەڵ پانتاییەك لە ئەگەر و دواجار وەك پانتاییەك لە هەڵگەڕانەوە، تێپەڕاندن و قلپکردنەوەیەکی ڕەخساو[ی ئەو ئەگەرە] ببینین.

بەم پێیە دەبینن کە ئیتر پرسیار ئەمە نییە کە بە چ هەڵەیەك، وەهمێك، فەرامۆشی و بە چ ناڕەوایەتییەك، ناسین گەیشتە ئەم شوێنەی کە کاریگەرییەکانی باڵادەستی کە بە باڵادەستبوونی (ئەم وشەیە لە تۆمارە

[32]- پێدەچێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە بێت: [«ئەم جۆرە توێژینەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی» تاقانەیی لەناو یەکپارچەیی مێژوویی ڕووداوەکان، پەرچەکردارەکان و کردارەکاندا نەک وەک بەرهەم، بەڵکە «وەک کاریگەریی پەیدا دەبێت» و دەخولقێت. (و. کوردی)

[33]. irreducible law

دەنگییەکەدا نابیسترێت) لە جیهانی مۆدێرندا ئاشکرا دەبێت، بەرهەم بهێنێت؟ بەڵکە پرسیار ئەمەیە کە چۆن جیانەکراوەیی زانین و دەسەڵات لە گەمەی پەرچەکردارەکان و ستراتیژییە فرەئاستەکاندا دەتوانێت هەم تەکنیکگەلێك بەرهەم بهێنێت کە بەپێی هەلومەرجی پەسەندێتیان دەستنیشان و سەقامگیر دەکرێن، هەم هەرێمێك لە ئەگەرەکان، کراوەییەکان، ناجێگیرییەکان، گۆڕانەکان، و هەوڵگەلێکی گریمانەیی بەرهەم بهێنێت کە ئەم تاقانەییانە دەکەنە تاقانەگەلێکی ناجێگیر، فشەڵ و تێپەڕ و ئەم کاریگەریانە دەگۆڕن بۆ ڕووداوەکان، نە شتێکی زیاتر و نە شتێکی کەمتر لە ڕووداوەکان؟ بە چ ڕێگەیەك دەتوانرێت کاریگەرییە ناچارەکییە تایبەتەکانی ئەم **ئەرێنێتی**انە لەناو ببردرێن، نەك ئەمەی کە بە گەڕانەوە بۆ چارەنووسی ڕەوای ناسین و بە تێڕامان لە پرسی ترانسێندێنتاڵ یا شێوەترانسێندێنتاڵ[34] کە ئەم چارەنووسە دەستنیشان دەکات، بەڵکە لەناو هەرێمێکی ستراتیژیك و بەرهەستدا، و لەناو ئەم هەرێمە ستراتیژیك و بەرهەستەدا کە ئەم کاریگەریانە دەچێنێت، و بە دەستپێکردن لە بڕیاردان بۆ بەڕێوەنەبردران، ئەم کاریگەریانە قڵپ بکرێنەوە یا گرێکانیان بکرێنەوە؟

بە شێوەیەکی گشتی، جووڵەیەك کە بووە هۆکاری گۆڕینی ئاڕاستەی ئیتۆسی ڕەخنەیی لە پرسیاری ڕەخنەدا، یا بە مانایەکی باشتر، جووڵەیەك کە بووە هۆکاری لەبەرچاوگرتنەوەی هەنگاوی **ڕۆشنگەری** لە پرۆژەی ڕەخنەییدا؛ پرۆژەیەك کە دەبوو بە شێوەیەك کاری بکردایە کە ناسین بتوانێت ئایدیایەکی درووست لە خۆی درووست بکات، ئایا ئێستاکە نابێت هەوڵ بدرێت کە ڕێگەیەکی قڵپکراوە بگیردرێتەبەر، قڵپکراوەی ئەم جووڵە ئاڕاستەگۆڕە، ئەم جێگۆڕکێیە، ئەم شێوەیەی بەلاڕێدابردنی پرسیاری **ڕۆشنگەری** لە ڕەخنەدا؟ ئایا ناتوانرێت هەوڵ بدرێت ئەم

34. semi-transcendental

ڕێگەیە لە ڕێڕەوێکی تردا بپێورێت؟ و ئەگەر پرسیار دەربارەی ناسین دەبێت لە پەیوەندییەکەی بە باڵادەستییەوە گەڵاڵە بکرێت، [ئەوا] ئەم پرسیارە دەتوانێت یەکەم و بەر لە هەموو شتێك لە جۆرێك ویستی کاربڕانەی [قاطعانە] بەڕێوەنەبردرانەوە دەست پێ بکات، ئەم ویستە کاربڕانەیە، ئەم ئیتۆسە هەم تاکیی هەم بەکۆمەڵە بە هاتنەدەرەوە لە، بە وتەی کانت، ناپێگەیشتوویی دەست پێ دەکات: پرسیاری ئیتۆس. دەبینن کە بۆچی نەمتوانی، نەموێرا ناونیشانێك بدەمە وتاردانەکەم کە دەکرا ئەم ناونیشانە بێت: «**ڕۆشنگەری** چییە؟».

***

**هێنری گوهیێ**: زۆر سوپاسی میشێل فۆکو دەکەم کە کۆمەڵەیەکی زۆر هاوئاهەنگی لەو تێڕامانانەی پێشکەش کردین کە دەتوانم ناوی لێ بنێم تێڕامانی فەلسەفی، هەرچەندە وتی کە «خۆم فەیلەسووفێك نیم». دەبێت ئەوەش بڵێم کە پاش وتنی ئەمەی کە «خۆم فەیلەسووفێك نیم»، دەستبەجێ ئەمەی خستە سەر کە «بەئەستەم ڕەخنەگرێکم»، واتە هەرچۆنێك بێت کەمێك ڕەخنەگرم. و پاش وتاردانەکەی، لە خۆمم پرسی ئایا کەمێك ڕەخنەگربوون زۆر فەیلەسووف بوون نییە؟

**نوئێل مۆولو**: دەمەوێت دوو یا ڕەنگە سێ خاڵ بەبیر بهێنمەوە. یەکەم ئەمەی کە وادەکەوێتە بەرچاو کە بەڕێز فۆکو ئێمە لە بەرامبەر ئیتۆسێکی

گشتیی ئەندێشەدا دادەنێت، ڕەتکردنەوەیدەسەڵات یاڕەتکردنەوەی ڕێسایەکی ناچارکەر کە ئیتۆسێکی گشتی واتە ئیتۆسێکی ڕەخنەیی دەهێنێتە کایەوە. ئەو لێرەدا گەیشتە گرفتسازییەك کە بە درێژکراوەی ئەم ئیتۆسە پێناسەی کرد، واتە گرفتگەلێك کە لە ئێستادا دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان زانین، تەکنیك و دەسەڵات لەئارادان. من بە جۆرێك لە جۆرەکان ئیتۆسە ڕەخنەییە ناوچەییەکان لە دەورووبەری هەندێك لە ناوکە دیارەکانی گرفتەکاندا دەبینم؛ واتە ئەمەی کە ئەم گرفتانە تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی سەرچاوەکان یان بە وتەی خۆتان سنوورە مێژووییەکانن. بۆ ئەوەی کە ئیتۆسێکی ڕەخنەیی سەر دەربهێنێت، یەکەم دەبێت جۆرێك کردارمان [practice] هەبێت، میتۆدێك کە دەگاتە هەندێك لە سنوورە مێژووییەکان، گرفتگەلێك گەڵاڵە دەکات، و پاشان بە بنبەستگەلێك کۆتایی دێت. بۆ نموونە، سەرکەوتنەکانی میتۆدناسیی پۆزەتیڤیزم لەگەڵیدا کێشەگەلێك کە خودی پۆزەتیڤیزم درووستیان دەکات، چەند کاردانەوەیەکی ڕەخنەییان لە بەرامبەر پۆزەتیڤیزمدا هێناوەتە کایەوە؛ کاردانەوەگەلێك کە بۆ ئێمە ناسراون و لە نیو سەدە لەمەوبەرەوە دەرکەوتوون، واتە تێڕامانی لۆجیکگەرا، تێڕامانی ڕەخنەگەرا، مەبەستم **قوتابخانەی پۆپەریی** یا **تێڕامانی ڤیتگنشتاینی**یە کە دەربارەی سنوورەکانی زمانێکی باوی زانستی دەدوێن. زۆربەی کات لە ماوەی ئەم قۆناغە ڕەخنەییەدا، شایەتی دەرکەوتنی ڕێگەچارەیەکی نوێ، گەڕانی کردارێکی نوێکراوە و گەڕانی میتۆدێکین کە خۆی خاوەنی لایەنێکی ناوچەییە، لایەنێك لە گەڕانێکی مێژوویی.

**میشێل فۆکو**: تەواو هەق بە ئێوەیە. لە ڕاستیدا هەر لەم ڕێگەدایە کە ئیتۆسی ڕەخنەیی هاتە ناوەوە و ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی ناوازە لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەشە پێدا. لێرەدا دەبێت بڵێم کە ئەمە ڕێڕەوی کانتییە، واتە ئەمەی کە ساتی گرنگ، ساتی بنچینەیی ئیتۆسی ڕەخنەیی

بەڕاستی پێویستە گرفتی پرسیارکردنی ناسین بێت دەربارەی سنووره تایبەتییەکانی خۆی یاخود دەربارەی بنبەستگەلێك بێت کە ناسین لە بەکارهێنانە سەرەتایی و بەرهەستەکەیدا [concrete] لەگەڵیاندا بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئەوەی کە منی دووچاری سەرسوڕمان کرد، دوو شتە. لەلایەکەوە، ئەم بەکارهێنانە کانتییەی ئیتۆسی ڕەخنەیی نەبووە ڕێگری ئەوەی- لە ڕاستیدا، بۆ کانت گرفتەکە تەواو بەئاشکرا ڕوون بوو- کە ڕەخنەش (دەتوانین لەم بارەیەوە باس لەوە بکەین کە ئایا ئەم گرفتە بنچینەییە یان نا) دەتوانێت ئەم پرسیارە گەڵاڵە بکات: بەکارهێنانی عەقڵ چییە، چ بەکارهێنانێکی عەقڵ دەتوانێت چەند کاریگەرییەك سەبارەت بە زیادەڕەویی لە پیادەکردنی دەسەڵات، و دواجار سەبارەت بە ئامانجی بەرهەستی ئازادیی بەرهەم بهێنێت؟ من پێموایە هەرگیز ناکرێت کە کانت چاوپۆشیلەم گرفتە کردبێت و بەتایبەت لە ئەڵمانیا یەك بزووتنەوەی هەمەلایەنی تێڕامان بوونی هەبووە لە دەورووبەری ئەم تێگەیەدا [theme]؛ تێگەیەکی گشتێنەر و جێگۆڕکێپێکەری گرفتی پەتیی ڕەخنە بەرەو ناوچەکانی تر کە ئێوە باستان کرد. ئێوە قسەتان لەبارەی پۆپەرەوە کرد، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت، بۆ پۆپەریش زیادەڕەویی دەسەڵات بەڕاستی گرفتێکی بنەڕەتی بووە.

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی کە دەمویست بە بیری بهێنمەوە- لە بابەت تایبەتمەندییە تەواو ڕووکەشەکەی (ئەڵبەتە ئەگەر بتوانم بەم جۆرە بیڵێم) داوای لێبوردن دەکەم- ئەمەیە کە پێموایە پێویستە ڕیشەی مێژووی ئیتۆسی ڕەخنەیی و تایبەتمەندییەکەی لە ڕۆژئاوادا (ڕۆژئاوای مۆدێرن لە سەدەی پانزەیەم-شانزەیەم بەدواوە) لەناو خەباتە ئایینییەکان و ئیتۆسە مەعنەوییەکانی نیوەی دووەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا بدۆزرێتەوە و بپشکێنرێت. بە وردیی لەو ساتەدا بوو کە ئەم گرفتە گەڵاڵە

کرا: چۆن بەڕێوەببردرێین، ئایا ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە پەسەند دەکەین؟ لەم دۆخەدایە کە شتەکان لە بەرهەستترین و لەلایەنی مێژووییەوە لە دیاریکراوترین ئاستیاندان: هەموو ئەو خەباتانەی دژ بە شوانکارەیی لە نیوەی دووەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا چاکسازیی ئاینییان بەرهەم هێنا، پێموایە جۆرێك دەستپێکی مێژوویی بوون کە ئەم ئیتۆسە ڕەخنەییە بە پێی ئەم دەستپێکە گەشەی کرد.

**هێنری پیرۆ**: نامەوێت لێرەدا ڕۆڵی باڵندەی شاخداری تۆقاو ببینم! من تەواو هاوڕام لەگەڵ شێوەی گەڵاڵەکردنی پرسیاری **رۆشنگەری** کە کانت بە ڕاشکاویی چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا سنووردارییەکی تیۆری دەستنیشانکەر بە پێی زەروورەتە ئەخلاقییەکان، ئایینییەکان، سیاسییەکان و هتد بسەپێنێت بەسەریدا؛ زەروورەتگەلێك کە تایبەتمەندییەکانی ئەندێشەی کانتین. پێموایە لەم بابەتەدا هاودەنگییەکی تەواو لە نێوانماندا هەیە.

ئێستاکە سەبارەت بە بەشی زیاتر ئەرێنیتری وتارەکە، واتە خوێندنەوەی یەکتربڕینی زانین و دەسەڵات، خوێندنەوەیەك لە ئاستی زەمیندا، یا بە جۆرێك لە ئاستی ڕووداودا، لە خۆم دەپرسم ئایا هەرچۆنێك بێت، شوێنێك بۆ ئەم پرسیارە شاراوەیە، و بە وتەیەك، پرسیارێکی بنچینەیی تر یا بەشێوەی کلاسیکی فەلسەفی تر هەیە، پرسیارێك کە لە پشت زەمینەی ئەم خوێندنەوە بەهادار و کونجکاوانەی گەمەکانی زانین و دەسەڵاتەوە لە پانتاییە جیاوازەکاندا هەیە؟ ئەم پرسیارە میتافیزیکی و مێژووییە دەتوانرێت بەم شێوەیە فۆرمیولە بکرێت: ئایا ناتوانرێت بگوترێت کە لە ساتێکی دیاریکراو لە مێژوومان و لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە جیهاندا، زانین لە خۆیدا و بۆ خۆی، زانین لە مانای ڕاستەقینەی وشەدا، فۆرمی دەسەڵاتێك یا هێزێکی وەرگرت، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتیش کە هەمیشە وەك لێهاتوویی، وەك شێوەیەك لە زانینی چۆنێتیی بەکارهێنان یا کارکردن

پێناسە دەکرا، سەرەنجام جەوهەری بە مانای ڕاستەقینەی وشە بزۆکی عەقڵمەندیی ئاشکرا کرد؟ ئەگەر بڕیارە بەم شێوەیە بێت، هیچ کات مایەی سەرسوڕمان نییە کە میشێل فۆکو بتوانێت تۆڕەکان یا ئەو پەیوەندییە فرەئاڕاستانەی کە لە نێوان زانین و دەسەڵاتدا هەیە، بدۆزێتەوە و ڕوون بکاتەوە، چون بەلایەنی کەمەوە لە قۆناغێکی دیاریکراو بەدواوە، زانین لە بونیادی خۆیدا، یەك دەسەڵاتە و دەسەڵات لە بونیادی خۆیدا یەك زانین، زانین و دەسەڵاتی یەك ویستی هاوشێوە، ویستێکی هاوشێوە و یەکتا کە ناچارم بە ویستی هێز[35] ناوی بنێم.

**میشێل فۆکو**: پرسیارەکەت دەربارەی گشتێتی ئەم جۆرە پەیوەندییەیە؟

**هێنری بیرۆ**: نا، ئەوەندەش لەمەڕ گشتێتی نییە، بەڵکە زیاتر سەبارەت بە ڕادیکاڵێتی یاخود بونیادی شاراوەی ئەم پەیوەندییەیە، کە لەوپەڕی دوانەیی بوونی ئەم دوو زاراوەیە زانین-دەسەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە. ئایا ناتوانرێت جۆرێك جەوهەری هاوبەشی زانین و دەسەڵات سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە، زانینێك کە لە خۆیدا وەك زانینی دەسەڵات پێناسە دەکرێت و دەسەڵاتێك کە لە خۆیدا بە زانینیدەسەڵات پێناسە دەکرێت (هەرچەندە ئەمە بە هەڵکۆڵینی وردی ئاماژە و [«مانا»] فرەڕەهەندەکانی ئەم دۆخەی دوانەیی بوون دەستەبەر دەبێت)؟

**میشێل فۆکو**: ئەڵبەتە. من بە وردیی لێرەدا بە ئەندازەی تەواو ڕوون و ڕاشکاو نەبووم، چون ئەوەی دەمویست ئەنجامی بدەم، ئەوەی کە گەڵاڵەم دەکرد، ئەمەیە کە لە ژێر و لەوپەڕی جۆرێك ناساندندا- بە شێوەیەکی گشتی، ڕۆشنبیران و پیاوانی دەسەڵات، زانایان و پێداویستییەکانی پیشەسازیی و هتد، هەن-، لە ڕاستیدا تۆڕێکی گەورەی

35. volonté de puissance/will to power

تێکچنراومان هەیە. نەك تەنها توخمەکانی زانین و دەسەڵات، بەڵکە بۆ ئەوەی کە زانین وەك زانین کار بکات، ناتوانێت بەم جۆرە بێت، مەگەر تا ئەو شوێنەی کە دەسەڵاتێك پیادە دەکات. لەناو گوتارەکانی تری زانیندا لە پێوەند بە گوتارە شیاوەکانی زانینەوە، هەر گوزارەیەك کە وەك هەقیقەت لەبەرچاو دەگیرێت، دەسەڵاتێکی دیاریکراو پیادە دەکات و لە هەمان کاتدا ئەگەرێك دەخوڵقێنێت؛ بە پێچەوانەوە، هەر پیادەکردنی دەسەڵاتێك، تەنانەت ئەگەر کوشتن مەبەست بێت، بە لایەنی کەمەوە یەك لێهاتوویی لە خۆ دەگرێت، و دواجار کوشتنی دڕندانەی کەسێك هەر بەو چەشنە شێوەیەکە لە بەکارهێنان. کەواتە دەبینن کە من تەواو هاوڕام و ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە هەوڵمدا ئاشکرای بکەم: لێرەدا لەژێر ئەو جەمسەربەندیانەی کە تەواو جیاوازن لە جەمسەربەندییەکانی دەسەڵات، جۆرێك فرەڕەنگی هەیە...

**نوئێل مۆولو**: دەگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەی هاوبەشمان، سەرچاوەی هاوبەشی من و بەڕێز بیرۆ، واتە پۆپەر. یەکێك لە مەبەستەکانی پۆپەر نیشاندانی ئەمەیە کە لە بونیاتنانی قەڵەمڕەوەکانی دەسەڵاتدا، جا چییەتیان هەرچی بێت، واتە دۆگماکان، نۆرمە ناچارەکییەکان و پارادایمەکان، ئەمە خودی زانین نییە کە بەشدارە و بەرپرسە، بەڵکە عەقڵانییەتی لادەرە کە ئیتر بە هەقیقەت زانین نییە. زانین- یان عەقڵانییەت لەم لایەنەوە کە بەدیهێنەرە، خۆی خاڵییە لە پارادایم و ڕێکارنامەکان. داهێنانی تایبەتی زانین خستنە ژێر پرسیاری دڵنیاییەکانی و دەسەڵاتەکەی و «مشتوومڕ دژ بە خۆی». بە وردیی هەر لەبەر ئەمەیە کە عەقڵانییەت عەقڵانییەتە و میتۆدناسی بەو چەشنەی کە پۆپەر لێی تێدەگات، بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەم دوو ڕەفتارە و هەڵبژاردن لە نێوانیاندا، و دژوارکردنی تێکەڵاوییەك یا ئاوێتەبوونێکی نەڕەخساو لە نێوان بەکارهێنانی ڕێکارنامەکان، بەڕێوەبەرێتیی میتۆدەکان و داهێنانی

بەڵگەکان. و لە خۆم دەپرسم کە هەرچەندە ئەم کارە تەواو دژوارە، بەڵام ئایا لە پانتایی مرۆیی، کۆمەڵایەتی و مێژووییدا، زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی بەر لە هەر جێناوێك ڕۆڵی ڕچەشکێنێك ناگێڕن: لێرەدا دۆخێکی زۆر دژوار هەیە، چون زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕاستیدا پەیوەندیی گەشەیی لەگەڵ تەکنیکدا هەیە. لە نێوان زانستێك و ئەو دەسەڵاتانەی کە سوودی لێ وەردەگرن، پەیوەندییەك هەیە کە بەڕاستی جەوهەریی نییە: هەرچەندە ئەم پەیوەندییە گرنگ بێت، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان[بە پەیوەندییەکی] «بەهەڵکەوت» دەمێنێتەوە. لە جیاتیی هەلومەرجەکانی خودی زانین، زیاتر هەلومەرجە تەکنیکییەکانی سوودوەرگرتن لە زانینە کە لە پێوەندیدایە لەگەڵ شێوازی پیادەکردنی یەك دەسەڵات، دەسەڵاتێك کە لە ئاڵوگۆڕ یا تاقیکردنەوە خۆی دەدزێتەوە؛ و هەر لەم مانایەدایە کە من بە تەواوەتی لە بەڵگاندنەکە تێناگەم. سەرەڕای ئەمەش، بەڕێز فۆکو چەند خاڵێکی ڕۆشنگەرانەی بە بیر هێنواینەوە کە بێگومان پەرەیان پێدەدات. بەڵام من ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم کە ئایا یەك پەیوەندیی بەڕاستی ڕاستەوخۆ لە نێوان ناچارییەکان یا پێداویستییەکانی زانین و ناچارییەکان یا پێداویستییەکانی دەسەڵاتدا هەیە؟

**میشێل فۆکو**: من زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر کەسێك بتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، واتە کەسێك بتوانێت بڵێت: زانستی باش هەیە، زانستێك کە هەم ڕاستەقینەیە، هەم پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی جەنگخوازدا نییە؛ و پاشان بە دڵنیاییەوە [بڵێت] چەند سوودوەرگرتنێکی خراپ لە زانست هەیە، چ بەکارهێنانە سوودخوازانەکەی، چ هەڵەکانی. ئەگەر بتوانن ئەم پرسەم بۆ بسەلمێنن، ئەوا بەخۆشحاڵییەوە ئێرە بەجێ دێڵم!

**نوئێل مۆولو**: من ئەوەندەش ئەمەم نەگوتووە کە تۆ پێتوایە و ئەوەش پەسەند دەکەم کە پەیوەندیی مێژوویی، پەیوەندییەك کە لەسەر

ڕووداوەکان دامەزراوە، پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزە. بەڵام چەند شتێك بەبیر دەهێنمەوە: توێژینەوە زانستییە نوێیەکان (توێژینەوە بایۆلۆژییەکان، توێژینەوەی زانستە مرۆییەکان)، مرۆڤ و کۆمەڵگە لە پێگەیەکی دەستنیشانەنەکراودا دادەنێن، ڕێگاکانی ئازادیان بە ڕوودا دەکەنەوە؛ و بەم شێوەیە، مرۆڤ و کۆمەڵگە بە مانایەك ناچار بە بڕیاردانە نوێیەکان دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان بە دەگمەن بە زانینی زانستی، بەڵکە زیاتر پشت بە نەزانی دەبەستن، بە زانستێك کە پێشوەخت دابەزێنراوە بۆ یەك «ئوستوورە»: وەك دەزانن ئێمە هەمووومان بە نموونەکانی ڕەگەزپەرستییەکی «شێوەزانستی ژێنێتیك» یاخود یەك پڕاگماتیزمی سیاسیی پێچەوانەکراوەی «نوێ لامارکی بایۆلۆژیی» و هتد ئاشناین. و سەرەنجام بەباشی تێدەگەم کە زانیارییە ئەرێنییەکانی زانستێك مەودای داوەرییەکی ڕەخنەیی پێویست دەکات. بەڵام وادەکەوێتە بەرچاوم- و ئەمە تا ڕادەیەک مانای بەڵگەهێنانەوەکەی من بوو- کە ئەو ڕەخنە مرۆڤگەرایەی کە پێوەرە کولتووری و بەهاناسییەکان دووبارە بەکاردەهێنێتەوە، ناتوانێت گەشە بکات و بە دەرەنجامێك بگات، مەگەر ئەوەی کە بە هۆی پاڵپشتێکەوە کە خودی ناسین بە ڕەخنەکردنی بونیادەکان، پێشگریمانەکان و پێشینەکانی، بۆی دەستەبەر دەکات. ئەم خاڵە بەتایبەت پەیوەندیی بەو ڕوونکردنەوانەوە هەیە کە زانستە مرۆیی و مێژووییەکان دابینی دەکەن؛ و وادەکەوێتە بەرچاوم کە بەتایبەت هابرماس هەمان ڕەهەندی شیکاریی دەباتە ناو ئەو شتەوە کە بە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیاکان ناوی دەبات، ڕەخنەی هەمان ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە زانین پێك دەهێنن.

**میشێل فۆکو**: پێموایە سەرتریی ڕەخنە بە وردیی هەر ئەمەیە!

**هێنری گوهیێ**: دەمەوێت پرسیارێکتان لێ بکەم. من تەواو لەگەڵ ئەو شێوازەی ئێوەدا هاوڕام بۆ بڕگەبەندیی[مێژوویی] و گرنگیدان بە

بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی. بەڵام وادەکەوێتە بەرچاوم کە لە تەواوی نەریتی ڕۆژئاوایی، هەوێنی ڕەخنەیەك هەیە کە لە سوکراتگەراییەوە هاتووە. دەمەوێت لێتان بپرسم کە ئایا وشەی ڕەخنە بەوچەشنەی کە ئێوە پێناسەتان کرد و بەکارتان هێنا، ناتوانێت گونجاو بێت بۆ ناولێنانی ئەوەی کە من بەشێوەیەکی کاتی بە هەوێنی ڕەخنەگرانەی سوکراتگەرایی لە تەواوی ئەندێشەی ڕۆژئاواییدا ناوی دەنێم و بە گەڕانەوەکان بۆ سوکرات لە سەدەی شانزەیەم و هەڤدەیەمدا، ڕۆڵێکی گەورەی بینی؟

**میشێل فۆکو**: غافڵگیرت کردم بە پرسیارێکی دژوارتر. دەبێت بڵێم کە ئەم گەڕانەوە سوکراتگەراییە (وای دەبینم کە ئەم گەڕانەوەیە لەلایەنی مێژووییەوە لە سنووری نێوان سەدەی شانزەیەم-هەڤدەیەم هەستی پێدەکەین، دەیدۆزینەوە و دەیبینین) ڕەخساو نییە مەگەر تەنها بەرمەبنای ئەو شتەی کە بۆ من زۆر گرنگترە، واتە [قەڵەمڕەوی] خەباتە کەشیشی و شوانکارەییەکان و پرسی بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان، بەڕێوەبردن و [«حکومەت»] بەو مانا زۆر کامڵ و فرەڕەهەندەی کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیبوو. بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان گوزارشت بوو لە گرتنی دەستیان و ڕێنمایی کردنیان هەتا پلەی ڕزگاریان لە ڕێگەی پرۆسێس و تەکنیکی ڕێنمایی ورد و بەش بە بەشەوە کە پێویستی بە گەمەیەکی هەمەلایەنەی زانین هەبوو: [زانین] دەربارەی تاکێك کە ڕێنمایی دەکرێت، دەربارەی هەقیقەتێك کە بەرەولای ئەو ڕێنمایی دەکرێت...

**هێنری گوهیێ**: ئەگەر بتانویستایە لەبارەی سوکرات و سەردەمی ئەو قسە بکەن، ئایا دەتانتوانی شیکارکردنەکەتان دووبارە بکەنەوە؟

**میشێل فۆکو**: ئەمە بەڕاستی گرفتی ڕاستەقینەیە. دیسان بۆ ئەوەی کە وەڵامێکی خێرای ئەم پرسیارە دژوارە بدەمەوە، بەڕاستی وا دەزانم کاتێك کە بەم چەشنە سوکرات توێژینەوە دەکرێت، یا تەنانەت- بەسەختی

بوێریی وتنی ئەمەم هەیە- لە خۆم دەپرسم ئایا هایدگەر بە توێژینەوە لە [فەیلەسووفە] پێش سوکراتییەکان، هەر ئەم کارەی نەکرد... نەخێر، بە هیچ شێوەیەك، لەزەمەنخستن و بەکارهێنانی سەدەی هەژدەیەم لەبارەی سەدەی پێنجەمەوە مەبەست نییە... بەڵام ئەم پرسیارەی **ڕۆشنگەری** کە لەگەڵ ئەمەشدا پێموایە لە کانت بەملاوە، پرسیاری بنەڕەتییە بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا، لە خۆم دەپرسم کە ئایا لەگەڵ ئەم پرسیارەدا نییە کە دەتوانرێت بە جۆرێك تەواوی مێژووی فەلسەفە تا سنووری ئاخێزگە ڕیشەییەکانی پەیجۆریی بکرێت، بەشێوەیەك کە بتوانرێت دادگایی سوکرات بە چەشنێکی متمانەپێکراو توێژینەوە بکرێت، بە بێ هیچ لەزەمەنخستنێك، بەڵام بە دەستپێکردن لە گرفتێك کە گرفتی **ڕۆشنگەری**یە و هەرچۆنێك بێت کانت ئەو گرفتەی **ڕۆشنگەری** دۆزییەوە.

**ژان-لویس بروش**: دەمەوێت پرسیارێکتان لێ بکەم لەبارەی فۆرمیولەکردنێك کە لە وتارەکەتدا تەوەری سەرەکی بوو، بەڵام ئەم فۆرمیولەکردنە لای من بە دوو شێوەی جیاواز نیشان درا. لە کۆتایی [وتارەکەدا] باستان لە «ویستی کاربڕانەی بەڕێوەنەبردان» کرد وەك بنەمایەك یاخود وەك گۆڕانی **ڕۆشنگەری** کە بابەتی وتارەکەت بوو. [لە کاتێکدا] لە سەرەتای وتارەکەتدا، باست لە «بەم شێوەیە بەڕێوەنەبردان»، «ئەوەندەش بەڕێوەنەبردان»، «بەم نرخە بەڕێوەنەبردان» کرد. لە بابەتێکدا فۆرمیولەکردن ڕەهایە و لەویتردا ڕێژەییە، و بەپێی چ پێوەرگەلێك ئەم پۆلێنکارییەت ئەنجامداوە؟ ئایا لەو ڕووەوە کە هەستتان بە زیادەڕەویی کرد لە حکومەتمەندسازییدا، گەیشتیتە بابەتێکی ڕادیکاڵ، گەیشتیتە ویستی کاربڕانەی بەڕێوەنەبردان، پرسیاری من ئەمەیە؟ و سەرەنجام ئایا نابێت ئەم بابەتەی دوایی بە

بابەتی پرسیارکردن دابنرێت، بابەتی خستنە ژێر پرسیارێك کە لە خۆیدا فەلسەفییە؟

**میشێل فۆکو**: ئەم دووانە پرسیارگەلێکی باشن. لەبارەی جۆراوجۆریی فۆرمیولەکردنەکان، پێموانییە لە ڕاستیدا کە بتوانرێت ویستی بە هیچ شێوەیەك بەڕێوەنەبردران بە ئامانجێکی بنەڕەتی بژمێردرێت. پێموایە کە لە ڕاستیدا ویستی بەڕێوەنەبردران هەمیشە بەم چەشنە، بەو شێوەیە، لەلایەن ئەمانەوە و بەم نرخە بەڕێوەنەبردرانە. دەربارەی فۆرمیولەکردنی بە هیچ شێوەیەك بەڕێوەنەبردران وای دەبینم کە ئەم فۆرمیولەکردنە ئەوپەڕی پلەی فەلسەفی و تیۆری هەمان ویستی بەڕێوەنەبردرانی ڕێژەییە. و کاتێك کە لە کۆتاییدا وتم ویستی کاربرانەی بەڕێوەنەبردران، هەڵەکە لەلایەن منەوە بوو و ئەمە بەم مانایە بوو: بەم چەشنە، بەو شێوەیە و بەم جۆرە بەڕێوەنەبردران. من ئاماژەم بە شتێك نەکرد کە دەتوانێت ئەنارشیزمی بنەڕەتی بێت، کە دەتوانێت ئازادیی بنەڕەتی تەواو و لە بنەڕەتدا سەرپێچیکەر لە بەرامبەر هەر حکومەتمەندسازییەك بێت. من ئەمەم نەوتووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بە تەواوەتی سڕیبێتمەوە. پێموایە لە ڕاستیدا وتارەکەم هەر لەم شوێنەدا کۆتایی پێهات، چون لەم ئاستەشدا وتارەکە تەواو درێژەی کێشا؛ بەڵام هەروەها لەو ڕووەوە کە لە خۆمم پرسی... ئایا دەمانەویت ئەم ڕەهەندە لە ڕەخنە بخوێنینەوە و توێژینەوە بکەین؛ ڕەهەندێك کە بۆ من زۆر گرنگە، چون هەم بەشێکە لە فەلسەفە، هەم بەشێك نییە لە فەلسەفە. ئەگەر ئەم ڕەهەندەی ڕەخنە بخوێنینەوە، ئایا وەك بناغەی ئیتۆسی ڕەخنەیی ناگەڕێینەوە بۆ شتێك کە یا کرداری مێژوویی شۆڕش و ڕەتکردنەوەی حکومەتێکی ڕاستەقینە بێت، یا لەلایەکی ترەوە، ئەزموونی تاکەکەسیی ڕەتکردنەوەی حکومەتمەندیی بێت؟ ئەوەی کە زۆر سەرسامم دەکات- بەڵام دەشێت فیکرم بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات، چون ئەمانە شتگەلێکن کە ئێستاکە

زۆر گرنگیان پێ دەدەم- ئەمەیە کە ئەگەر بۆ دۆزینەوەی ئەم مندالْدانەی ئیتۆسی ڕەخنەیی لە جیهانی ڕۆژئاوادا پێویستە لەناو سەدەکانی ناوەڕاست و ئەوئیتۆسە ئایینیانەی کە پەیوەندیان بە پیادەکردنی دەسەڵاتی شوانیی مەسیحییەوە هەیە، بۆی بگەڕێین، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر سەرسوڕهێنەرە کە دەبینین عیرفان وەك ئەزموونێکی تاکەکەسی تەواو ئاوێتە بوو بوو لەگەڵ خەباتی دامەزراوەیی و سیاسی و هەرچۆنێك بێت ئەم دووانە بەردەوام بۆ یەکتر دەگەڕانەوە. دەتوانم بڵێم کە یەکێك لە یەکەمین فۆرمە گرنگەکانی شۆڕش لە ڕۆژئاوادا عیرفان بوو؛ و تەواوی ئەم ناوەندانەی بەرەنگاریی لە بەرامبەر دەسەڵاتی وتەی موقەدەس و لە بەرامبەر نێوەندگیریی کەشیش، چ لەناو پەرستگاکان و چ لە دەرەوەی پەرستگاکان و لای ناخوداباوەڕەکان گەشەی کرد. کاتێك کە دەبینین کە ئەم ئەزموونانە، ئەم بزووتنەوە مەعنەوییانە زۆربەی کات سوودیان لە جلوبەرگ، لە وشەکان، بەڵام تەنانەت زۆر زیاتر لە مانەش، لە شێوەکانی بوون و لە پشتیوانیکردنی ئومێدێك کە بە خەبات هەیانبووە، وەرگرتووە، خەباتێك کە دەتوانرێت بە  بە خەباتی ئابووریی یا بە خەباتی جەماوەریی ناو بنرێت، یا لە چێوەی وشە مارکسیستییەکاندا خەباتی چینایەتی، هەست دەکەم کە لێرەدا شتێکی بنەڕەتی هەیە.

لە هێڵی گەڕانی ئەم ئیتۆسە ڕەخنەییەدا کە وای بۆ دەچم مێژوو ئاخێزگەی [ئەم ئیتۆسە] لەم ساتەدا دەدۆزێتەوە، ئایا نابێت ئێستاکە توێژینەوە لەسەر ئەو شتە بکەین کە ویستی بەڕێوەنەبردرانی بەم جۆرە و بەو شێوەیە و هتدە، چ لە فۆرمی تاکەکەسیی ئەزموون، چ لە فۆرمی بەکۆمەڵی ئەزموون؟ ئێستاکە دەبێت گرفتی ویست گەڵاڵە بکەین. بەکورتی ئەمەی کە (و وەك بڵێی ئەم گرفتە بەڵگەنەویست بێت)، ناتوانرێت لە ڕێگەی بەدواداچوونی ڕەوتی دەسەڵاتەوە، بەبێ ئەوەی کە بەشێوەیەکی دڵنیا بگەینە گەڵاڵەکردنی پرسیاری ویست، ئەم گرفتە دووبارە بکرێتەوە. تەواو

ئاشکرا بوو کە دەمتوانی پێشتر سەرنج بدەمە ئەم گرفتە؛ بەڵام دەبێت بڵێم تا ئەو ئاستەی کە گرفتی ویست گرفتێکە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەمیشە بەوپەڕی خۆپارێزیی و دژوارییەوە گرنگی پێداوە، من هەوڵمدا تا ئاستێکی شیاو لەم گرفتە دوور بکەومەوە، و دەبێت بڵێین کە ئەم گرفتە ناچارەکییە. من لێرەدا تەنها چەند لایەنێکم لەو کارە پێشکەش بە ئێوە کرد کە خەریکی ئەنجام دانیم.

**ئەندرێ سێرنین**[36]: تۆ زیاتر لایەنگیری لە کام لایەن دەکەیت؟ لایەنگیری لە ئۆگست کۆنت دەکەیت کە بەکورتی دەسەڵاتی مەعنەویی و دەسەڵاتی دنیایی بە وردبینییەوە لە یەکتر جیا دەکردەوە؛ یا بە پێچەوانەوە، لایەنگیری لە ئەفلاتوون کە دەیوت مادامێك کە خودی فەیلەسووفان ڕێبەریی دەسەڵاتی دنیایی بەدەستەوە نەگرن، کاروبارەکان هەرگیز ڕێی ڕاستی خۆیان ناگرن؟

**میشێل فۆکو**: هەر بەڕاستی دەبێت هەڵبژێرم؟

**ئەندرێ سێنین**: نا، نابێت هەڵبژێریت، بەڵام زیاتر حەزت لە کام لایەنە؟

**میشێل فۆکو**: هەوڵ دەدەم خۆم لە نێوانیاندا جێ بکەمەوە!

**پیێر هاجی-دیمۆ**[37]: ئێوە زۆر بەسەرکەوتوویی، باستان لە گرفتی ڕەخنە و پەیوەندییەکەی بە فەلسەفەوە بۆ ئێمە کرد و گەیشتنە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و ناسین. دەمویست ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی ئەندێشەی یۆنانی بخەمەڕوو. پێموایە پێشتر بەڕێز بەڕێوەبەر [ی کۆڕەکە] ئەم پرسەی گەڵاڵە کرد. «ناسین» واتە ئەوەی کە [کەسێكlogos] و

[36]. Andre Sernin

[37]. Pierre Hadji-Dimou

mytosی هەبێت. بە بۆچوونی من لە ڕێگەی **ڕۆشنگەری**یەوە بە ناسین ناگەین: ناسین تەنها عەقڵانییەت نییە، و ناسین لە ژیانی مێژوویی خۆیدا تەنها logos نییە و سەرچاوەی دووەم بوونی هەیە، mytos. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسی نێوان پرۆتاگۆراس و سوکرات، کاتێك کە پرۆتاگۆراس پرسیارێك لەبارەی سیاسەتی مافی سزادان و دەسەڵاتەکەی گەڵاڵە دەکات، دەڵێت کە ئەندێشەی خۆی دەربارەی mytos ڕاست دەکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە. Mytos گرێدراوە بە logosەوە، چون عەقڵانییەتێك هەیە: ئەو شتەی کە زیاتر فێرمان دەکات، زیاتر جوانترە. پرسیارێك کە دەمویست پێی زیاد بکەم، ئەمەیە کە ئایا بە سڕینەوەی بەشێك لە ئەندێشە، ئەندێشەیەکی ناعەقڵانی کە دەگاتە logos، واتە mytos، دەگەینە ناسینی سەرچاوەکانی ناسین، ناسینی دەسەڵات کە خۆی مانایەکی ئوستوورەیی هەیە؟

**میشێل فۆکو**: لەگەڵ پرسیارەکەتان هاوڕام.

**سیلڤەین زاک**[38]: دەمەوێت دوو خاڵ بە بیر بهێنمەوە. ئێوە بەڕاستی وتتان کە ئیتۆسی ڕەخنەیی دەتوانێت وەك فەزیلەتێك هەژمار بکرێت. فەیلەسووفێك هەیە، مالبرانش، کە توێژینەوەی لەسەر ئەم فەزیلەتە کرد: ئەم فەزیلەتە ئازادیی زەینە[ڕۆح]. لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە لای کانت لە نێوان وتارەکەی دەربارەی **ڕۆشنگەری** و ڕەخنەکەی لەمەڕ ناسین دایدەمەزرێنن، لەگەڵتاندا هاوڕا نیم. ڕەخنەی ناسین بە دڵنیاییەوە سنوورگەلێك دەستنیشان دەکات، بەڵام خۆی هیچ سنوورێکی نییە؛ ڕەخنە تەواو و کامڵە. کاتێك کە گوتاری دەربارەی **ڕۆشنگەری** دەخوێنینەوە، دەبینین کە کانت جیاوازییەکی زۆر گرنگ لە نێوان بەکارهێنانی گشتی و بەکارهێنانی تایبەتیی[عەقڵ] دادەنێت. لە

---

[38]. Silvain Zac

بەکارهێنانی گشتیی [عەقڵدا]، ئەم بوێرییە دەبێت لەناو بچێت. کە بەم مانایەیە کە...

**میشێل فۆکو**: بە پێچەوانەوەیە، چون ئەوەی کە ئەو بە بەکارهێنانی گشتی ناوی دەبات،...

**سیلڤەین زاک**: کاتێك کە بۆ نموونە کەسێك کورسییەکی فەلسەفی هەیە لە زانکۆیەکدا، لەوێدا ئەو خاوەنی بەکارهێنانی گشتیی گوتارە و نابێت کتێبی موقەدەس ڕەخنە بکات؛ بەپێچەوانەوە، لە بەکارهێنانی تایبەتیدا، دەتوانێت ڕەخنەی بکات.

**میشێل فۆکو**: بە پێچەوانەوەیە، هەر ئەمەشە کە زۆر سەرنجڕاکێشە. لە ڕاستیدا، کانت دەڵێت: «یەك بەکارهێنانی گشتیی عەقڵ هەیە کە نابێت سنووردار بکرێت». ئەم بەکارهێنانە گشتییە چییە؟ بەکارهێنانێکە کە لە نێوان زاناکاندا دێت و دەچێت، لە ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەکان و کتێبەکاندا دەردەکەوێت و دەستەوداوێنی ئاگایی هەمووان دەبێت. ئەم بەکارهێنانانە، ئەم بەکارهێنانە گشتییانەی عەقڵ نابێت سنووردار بکرێت، بە شێوازێکی سەیر ئەوەی کە[کانت] بە بەکارهێنانی تایبەتی ناوی دەبات، بە جۆرێك لە جۆرەکان بەکارهێنانی کارمەندێکە و دەڵێت کە کارمەند یا فەرمانبەر مافی ئەوەی نییە کە بە سەرووی خۆی بڵێت: «من پەیڕەویی لە تۆ ناکەم و فەرمانی تۆ بێ مانایە». گوێڕایەڵی هەر تاکێك، لەم ڕوانگەوە کە بەشێکە لە دەوڵەت، گوێڕایەڵی لە سەروو، لە فەرمانڕەوا یا لە نوێنەری فەرمانڕەوا هەمان شتێکە کە ئەو بەشێوەیەکی سەیر بە بەکارهێنانی تایبەتی ناوی دەبات.

**سیلڤەین زاک**: لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام و من هەڵەم کرد؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەرەنجام ئەمەیە کە لەم وتارەدا [«ڕۆشنگەری چییە؟»]، چەند سنووردارییەك بۆ دەربڕینی بوێریی هەیە. و من ئەم

سنووردارییانە لە هەموو شوێنێك دەبینم، لای هەموو [Aufklarer] ڕۆشنبیران] و بێگومان لای مێندلسۆن. لە بزووتنەوەی **ڕۆشنگەری** ئەڵمانیدا، بەشێکی کۆنفۆرمیست هەیە کە لە بزووتنەوەی **ڕۆشنگەریی** فەرەنسی سەدەی هەژدەیەمدا نایبینین.

**میشێل فۆکو**: تەواو هاوڕام و زۆر چاك تێناگەم کە ئەمە چۆن ئەو شتە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە وتم.

**سیلڤەین زاك**: پێموانییە پەیوەندییەکی مێژوویی و نزیك هەبووبێت لە نێوان **ڕۆشنگەری** کە تۆ پێداگیریت لەسەر کرد، و گەشەی ئیتۆسی ڕەخنەیی، ئیتۆسی بەرەنگاریی لە ڕوانگەیەکی فیکرییەوە یا لە ڕوانگەی سیاسییەوە. ئایا پێتوانییە کە بتوانرێت ئەم کارە بە وردبینییەوە ئەنجام بدرێت؟

**میشێل فۆکو**: لەلایەکەوە، پێموانییە کە کانت لە**ڕۆشنگەری**دا هەست بە نامۆبوون بکات؛ ڕۆشنگەرییەك کە بۆ ئەو **ئێستاییبوونی** خۆی بوو و بەشدارییەکی کارای تێدا دەکرد، نەك تەنها بەم وتارەی **ڕۆشنگەری،** بەڵکە بە زۆرێك لە کارەکانی تر...

**سیلڤەین زاك**: وشەی **ڕۆشنگەری** لە [کتێبی] **ئایین لە سنوورەکانی ئەقڵی پەتی**[ی کانتدا] بەدی دەکەین، بەڵام ئەم وشەیە سەبارەت بە پەتیبوونی هەستەکان، سەبارەت بە شتێکی ناوەکی بەکار دەهێنرێت. هەروەك ڕۆسۆ، یەك پێچەوانەکردنەوە ڕوودەدات.

**میشێل فۆکو**: دەمەوێت ئەوەی کە خەریك بووم قسەم لەبارەوە دەکرد، کۆتایی پێ بێنم... کەواتە کانت بە تەواوەتی خۆی بە گرێدراو دەبینێت بەم **ئێستاییبون**ەوە کە ئەو پێی دەڵێت **ڕۆشنگەری،** و هەوڵ دەدات پێناسەی بکات. و پێموایە کانت ڕەهەندێك دەخاتە سەر ئەم بزووتنەوە

**رۆشنگەری**یە کە دەتوانین تایبەتی تر، یا بە پێچەوانەوە، گشتی تر و ڕادیکاڵتر هەژماری بکەین کە ئەم ڕەهەندەیە: یەکەمین بوێرییەك کە دەبێت بەکاری بهێنین، کاتێك کە زانین و ناسین لەئارادایە، بوێریی ناسینی ئەو شتەیە کە دەتوانین بیناسین. ڕادیکاڵ بوون هەر ئەمەیە و بۆ کانتیش گشتگیربوونی پڕۆژەکەی هەر ئەمەیە. من باوەڕم بەم خزمایەتییەی بوێرییەکانی ڕۆشنبیران هەیە، جا سنوورەکان هەرچی بن. من نازانم واقیعییەتی کەم شەهامەتی ڕۆشنبیران دەتوانێت چ گۆڕانێك (جا هەرچی بێت) لەم جۆرە بزووتنەوەیدا پێك بهێنێت، کە کانت ئەنجامیدا و بە باوەڕی من تا ڕادەیەک لێی بەئاگا بوو.

**هێنری بیرۆ**: لە ڕاستیدا پێموایە کە فەلسەفەی ڕەخنەیی بەم شێوەیە نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەك دەکات کە هەم بزووتنەوەی سنووردارکردن و هەم بزووتنەوەی ڕادیکاڵکردنی **رۆشنگەری**یە بە شێوەیەکی گشتی.

**میشێل فۆکو**: بەڵام پەیوەندیی [فەلسەفەی ڕەخنەیی] بە **رۆشنگەری**یەوە، پرسیاری هەموو تاکێك بووە لەم سەردەمەدا. ئێمە لە ساتی گوتنی چیداین، و ئەم بزووتنەوەیە کە کەمێك لە پێش ئێمەوەیە و هێشتاش پەیوەستین پێیەوە و ناوی **رۆشنگەری**یە، چییە؟ باشترین شایەت ئەمەیە کە بڵاوکراوەی ناوبراو زنجیرەیەك وتاری بڵاو کردەوە؛ وتاری مێندلسۆن، وتاری کانت... ئەمە پرسیاری **ئێستاییبوون[اکنونیت]** بوو[39]. کەمێك هاوشێوەی ئێمە کە ئەم پرسیارە بۆ خۆمان گەڵاڵە دەکەین: قەیرانی بەهاکانی **ئێستا**مان چییە؟

---

1.لە دەقە ئینگلیزییەدا نووسراوە: «ئەمە ڕووداوی هەنووکەیی بوو- current event».

**خانم ژان دۆبووشێ**[40]: دەمەوێت لە ئێوە بپرسم کە **ئەو شتەی وەك ناوەڕۆك** لەناو زانیندا داتناوە، چییە؟ پێموایە دەسەڵات بێت، چون بەڕێوەنەبردران گرفتی بنەڕەتی بوو: بەڵام چ جۆرە زانینێك؟

**میشێل فۆکو**: بە وردیی ئەگەر لێرەدا ئەم وشەیەم بەکارهێنا، دیسان لە بنەڕەتەوە بە مەبەستی بەتاڵکردنەوەی هەمان ئەو شتەیە کە دەشێت هەندێکجار بە ڕەوایەتیی پێدانی بەهاکان، هەندێکجار تەنها بە ڕیزبەندیی بەهاکان دابنرێت. بڕوانن لە ڕوانگەی منەوە- بە هەمان ئەندازە ئابڕووبەرە کە دەشێت بەڕاستی بە هەمان ئەندازەش لە چاوی زانایەك یا میتۆدناسێك یا تەنانەت مێژوونووسێك ئابڕووبەر بێت- لە ڕوانگەی منەوە، کاتێك کە قسە لەبارەی زانینەوە دەکەم، جارێ هیچ جیاوازییەك دانانێم لە نێوان وتەی دەروونپزیشکێك و سەلماندنێکی ماتماتیکیدا. تەنها پنتێك کە من دەیخەمە سەر ئەو جیاوازیانە، زانینی ئەمەیە کە لە لایەکەوە کامانەن ئەو کاریگەریانەی دەسەڵات، یا بە مانایەك، کامانەن ئەو کاریگەرییە چاندنییانەی[41]-چاندن نەك بەو مانایەی کە لە لۆجیکدا هەیەتی- کە ئەم وتەیە دەتوانێت لەناو پانتاییەکی زانستیدا کە لەناویدا فۆرمیولە دەکرێت- دەروونپزیشکی، ماتماتیك و هتد- بیچێنێت، و لەلایەکی ترەوە، کامانەن تۆڕە سەقامگیر، ناگوتاریی، نافۆرمیولەکان و بەتایبەت تۆڕە نازانستییەکانی دەسەڵات کە ئەم وتەیە لەو کاتەوە کە دەکەوێتە جووڵە [دەنووسرێت]، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەو تۆڕانەوە

---

[40]. Jeanne Dubouchet

[41]. لە لۆجیکدا وشەی induction، استقراء کە دەکرێت بە **تێخوێندنەوە** یاخود **هەڵهێنجان** دابنرێت، گەیشتنە بە ئەنجامی **گشتی** لە ڕێگەی **بەشەکان**ەوە. بەڵام فۆکۆ وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات بەو مانایە بەکاری ناهێنێت، بەڵکە وەک **چاندنی کاریگەریی** مانای پێ دەدات، یاخود دەکرێت بە **گەیاندنی کاریگەریی** ناو بنرێت. چاندنی کاریگەریی لە ڕێگەی وتە یاخود ڕستەیەکی دەروونپزیشکییەوە لەناو تۆڕە نازانستییەکانی دەسەڵاتدا. (و. کوردی)

هەیە. هەرئەمەیە کە من بە زانین ناوی دەنێم: توخمگەلێکی ناسین کە لە ناوەوە و دەرەوەی پانتاییەکەیانەوە، چەند کاریگەرییەك لە دەسەڵات پیادە دەکەن، جا بەهاکانیان بۆ ئێمە، بۆ زەینێکی پەتی دەخوازێت هەرچی بێت.

**هێنری گوهیێ**: پێموایە تەنها ئەوە دەمێنێتەوە کە سوپاسی میشێل فۆکو بکەین بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە دانیشتنە سەرنجڕاکێشەی بۆ ئێمە ئامادە کرد و بە دڵنیاییەوە دەرفەتی چاپکردنی وتارەکە دەڕەخسێنێت کە گرنگییەکی تایبەتی دەبێت.

**میشێل فۆکو**: سوپاسگوزارم.